بسم الله الرحمن الرحيم

پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ١٧ ) :


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | پلە و پایەی سوننەت لە ئیسلامدا و تەنها قورئان بەس نیە !! | سەرنوسەر |
| ٣ | برای لاوم لە لۆمەی ( لۆمەکار ) مەترسە . | ڕێبین محمود |
| ٤ | خوای گەورە تەنها بە ئیسلام ڕازییە . | إدريس محمود . دەرچوی یاسا |
| ٥ | دڵ گران مەبە . سوێند بە پەروەردگار . تۆ براوەیت | ئەندازیار : هاوکار محمود علی |
| ٦ | خۆت چۆن بیت ئەوهات لەگەڵ دەکرێ . | غوربەت محمد.ك.پ.چەمچەماڵ.دەروونناسی |
| ٧ | پاك کردنەوەی دەروون لە ...... ؟؟؟؟ | کوێستان عبدالخالق.ك.ت.سلیمانی |
| ٧ | هونەری قسە خۆشی | هەڵکەوت بورهان . ز.کۆیە، ك.زانست.. ماتماتیك |
| ٨ | ئافرەتان لە پێشدا | فلاح حسن.دەرچووی.ئینگلیزی.هەولێر |
| ٩ | بوونی مافت لە بنچینە و ئامانج دایە | سروین بلباس . ك.ت.سلیمانی.ئەندزیاری میکانیك |
| ١٠ | چۆن بەهەشت بۆ خۆت مسۆگەر دەکەی | دانا جمعە. ك.پ.بنەرەتی کەلار.بەشی کۆمەڵایەتی |
| ١٠ | ڕۆژئاوا دەبێت بە ڕۆژهەلات !! کەی و چۆن ؟ | طيب عادل عبدالقادر.پ.کەلار.بەشی کیمیا |
| ١١ | ئیمامی عومەر و داهاتی گشتی | م پشتیوان محمد . دەرچووی عەربی |
| ١٢ | حوکمی سوێند خواردن بەغەیری خوا | هێرش عاصی.ك.پ.کەلار.بەشی جوگرافی |
| ١٣ | کاتێك سوار دەگلێت | عەلی عبدالله.ك.پ.چەمچەماڵ.دەروونناسی |
| ١٤ | پەروردەکردنی منداڵ ... سۆز و بەزیی ( ١ ) | عبدالهادی قادر . کولیژی ئادابی خانقین |
| ١٥ | حوکمی جگەرەکێشان و زیانەکانی | خالد حسين .ك.پزیشکی ڤێتیرنەری سلێمانی |
| ١٦ | فەزل و گەورەیی چەند ئایەت و سورەتێکی قورئان | ئاسۆ محمود . ك . ئابوری . ز . سلیمانی |
| ١٨ | پارە پەیداکردن ، بە کەلامی خوا !! | جیهاد قادر عەلی . دەرچووی عەرەبی |
| ١٩ | گەورەیی خوا لەدرووست کراوەکانی دا | هەڵمەت صلاح الدين.ك.پ.کەلار.بەشی بایۆ لۆجی |
| ٢٠ | ئارامگرتن لەسەر بەڵا وموسیبەت | حيدر عدنان كريم.ك.دەرمانسازی.ز.پزیشکی هەولێر |
| ٢١ | ئیعجازی سوننەتی پیرۆز لەچەند نموونەیەکی سەردەم دا | هاژە عبدالله . ك . پ . چەمچەماڵ . دەروونناسی |
| ٢٢ | کەسیەتی لەنێوان ئاین و ئەقڵدا | کەیوان حسن.ك.ت.سلێمانی.ئەندازیاری گەیاندن |
| ٢٣ | شێوە وجلوبەرگی موسڵمان بەپێی ئاینەکەیەتی، نەك !! | حسين عمر . کومبیوتەری خانقین |
| ٢٤ | THE REAL MEANING OF ( لا إله إلا الله محمد رسول الله ) | ڕێبوار عبدالله . خانەقین. بەشی ئینگلیزی |


تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بلاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت .

✍ بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

بۆ پەیوەندی:

٠٧٧٠٢٩١٢٦١٣

Zanest@Gawab.com

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی :

**www.ba8.org** بکە.

سەرنووسەر :

عدنان بارام . دەرچووی عربی . صلاح الدين .

دەستەی نووسەران :

علي محمد . دەرچووی کۆمەڵایەتی کەلار .

صلاح علی قادر. دەرچووی ئەندازیاری سلێمانی .

هیمن کریم عەزیز. کۆمپیوتەری هەولێر .

جیهاد قادر. دەرچووی عەرەبی قەڵادزێ .

دیزاینەر: سەردار عبدالله . چوارقوڕنە .

**پلە و پایەی سوننەت لە ئیسلامدا و تەنها قورئان بەس نیە !!**

ئاشنای هەمووانە کە خوای پەروەردگار ( محمـــد ) ی ﷺ هەڵبـژاردووە و کردوویەتی بە پێغەمبەری خۆی و بەرنامە و پەیڕەوەکەی پێوە ناردووە کە قورئانی پیرۆزە ، و هیدایەتە بۆ هەموو مرۆڤایەتی ، و تێیدا کۆمەڵە فرمانێکی پێکردووە لەوانە ، فەرمانکردن بە ڕوونکردنەوەی بۆ خەڵك هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ **لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ** مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ ﴾ ( النحل : ٤٤ ) ، کە ئەم فرمانەش هەردوو لایەنەکەی ڕوونکردنەوە دەگرێتەوە :

**یەکەمیان :** گەیاندنی گۆ و ووتەکان ، کە بریتیە لە نەشاردنەوە و ئاشکراکردنی .

**دووەمیـــشیان :** ئاشـکراکردنی واتـای ووشـە و ڕسـتەی ئـەو ئایەتانەیە کە پێویستیان بە ڕونکردنەوە هەیە .

کەواتـە خـوای پـەروەردگار قورئـانی پـیرۆز و سـوننەتی بـە پێغەمبەرەکەیدا ﷺ ناروە بۆ مرۆڤایەتی ، هەروەکو لە چەندەها ئایەتدا ئەوەی ئاشکرا کردووە وەك دەفەرمووێت : ﴿ لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولاً مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ **الْكِتَابَ** وَ **الْحِكْمَةَ** ﴾ ( آل عمران : ١٦٤ ) .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمَـا أَنْـزَلَ عَلَيْكُمْ مِنَ **الْكِتَابِ** وَ **الْحِكْمَةِ** يَعِظُكُمْ بِهِ ﴾ ( البقرة : ٢٣١ ) .

وە فەرموویەتی : ﴿ هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِـنْهُمْ يَتْلُـو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ **الْكِتَابَ** وَ **الْحِكْمَةَ** ﴾ ( الجمعة : ٢ ) .

وە فەرمانیشی بە هاوسەر و خێزانەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ کـردووە بـە فیربـون و باسـکردنی قورئـانی پـیرۆز و سـوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ ، هەروەك فەرموویەتی : ﴿ وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ **آيَاتِ اللَّهِ** وَ **الْحِكْمَةِ** ﴾ ( الأحـزاب : ٣٤ ) ، زۆرێك لە زانایان وەك ( يحيى بن أبي كثير ) ، و ( قتادة ) ، و پێشەوا ( الشافعي ) و جگە لـەوانیش ﴿ **الْحِكْمَـةِ** ﴾ یـان بـە سـوننەت لێکداوەتـەوە و واتایـان کـردووە ، چونکە خـوای پـەروەردگار فرمـان دەکـات بـە خێزانەکانی پێغەمبەر بەباسکردن وخوێندنەوەی : ﴿ **آيَاتِ اللَّهِ** ﴾ کـە قورئـانی پـیرۆزە و ﴿ **الْحِكْمَـــةِ** ﴾ ەش کـە سـوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ .

بۆیە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك بەپێی توانای خۆی هەوڵی فێربوونی ئەوە بدات کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ پێمان گەشتووە ، و پاشان پابەند و گوێڕایەڵ بێت پێوەی ، چونکە ئەوە تـەنها ڕێگـەی گەشـتنە بـە سـەرفرازی دونیـا و دواڕۆژ ، و ڕزگـاربوون لـە سـزای سـەختی دۆزەخ ، ئـەوەش بـە فێربـوونی فەرموودەکانیەتی ﷺ نەك بە تەنها لێکدانەوەی عەقڵی بۆ پرس وباسەکان ، چونکە هەروەك چۆن چاو توانای بینینی نیە گەر ڕووناکیەك لە پێشەوە نەبێت ، بەهەمان شێوە عەقڵیش توانای ڕێگەناسی نیە ئەگەر بە هیدایەتی پێغەمبەرایەتی نەبێت ﷺ .

هـەموو ئـەوەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە تـەنها قورئـان بـەس نیـە بـەڵکو دەبێـت سوننەتیـشی لەگەڵـدا بێـت ، چـونکە سـوننەت ڕوونکەرەوە و ئاشکراکاری قورئانی پیرۆزە .

لەوەش زیاتر دەبینین پێغەمبەری خوا ﷺ هەڕەشە لەو کەسانە دەدات کە دەڵێن : ئێمە تەنها قورئانمان بەسە و پێویستمان بە سوننەت نیە !!! هەروەکو فەرموویەتی : (( لا أُلفينَّ أحدَكم متكئـاً على أريكته ، **يأتيه الأمر من أمري** ، **مما أمرت به أو نهيت عنه** ، **فيقول : بيننا وبينكم القرآن ، فما وجدنا فيه من حلال استحللناه ، وما وجدنا فيه من حرامٍ حرمناه** ! [ **ألا وإنه ليس كذلك** . ألا لا يحل ذو ناب مـن السباع ولا الحمار الأهلي و ... ] ، **ألا وإني أوتيت الكتاب ومثله معه** [ **ألا وإنه مثل الكتـاب** ] )) ( رواه أحمد وأبو داود والترمذي وصححه وابن ماجه والطحاوي وغيرهم بسند صحيح ، وصححه الألبـاني في السلـسلة الصحيحة : ٢٨٧٠ ) ، کەواتە : دەبێت لە گەڵ قورئاندا سوننەتیش وەرگرین ، چونکە زۆر شت هەن لە سوننەتدا حەرام کراون ، وەك : هەموو دڕندەیەکی کەڵپەدار ، و گوێدرێژی ماڵی ، و هتد .

وە لە ڕیوایەتی ( العرباض ) کوڕی ( سارية السلمي ) دا هاتووە کە : (( نزلنا مع النبي ﷺ خيبر ومعه من معه من أصحابه وكان صـاحب خيبر رجلا ماردا منكرا فأقبل إلى النبي ﷺ فقال : يا محمد ! ألكـم أن تذبحوا حمرنا وتأكلوا ثمرنا وتضربوا نساءنا ؟ ! فغضب النبي ﷺ وقال : يا ابن عوف ! اركب فرسك ثم ناد : ألا إن الجنة لا تحـل إلا لمـؤمن وأن اجتمعوا للصلاة . قـال : فاجتمعوا ثم صلى بهم النبي ﷺ ثم قام فقال : [ **أيحسب أحدكم متكئا على أريكته قد يظن أن الله لم يحرم شيئا إلا ما في هذا القرآن** ؟! **ألا وإني والله قد أمرت ووعظت ونهيت عن أشياء إنها لمثل القرآن أو أكثر** ، وإن الله عز وجل لم يحل لكم أن تدخلوا بيوت أهل الكتاب إلا بإذن ولا ضرب نسائهم ولا أكل ثمارهم ؛ إذا أعطوكم الذي عليهم )) ( حسنه الإمام الألباني في السلسلة الصحيحة : ٨٨٢ ) .

بـەم فەرموودەیـەش ئـەوە ئاشکرا دەبێت کـە : حـەرامکراوەکان تەنها لە قورئاندا نین ، بەڵکو لە سوننەتیشدا هەن ، ئەوانەش کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردوون یان یاساغی لێکردوون هەروەکو قورئانی پیرۆزە .

بۆیە پێشەوا ( ابن حزم ) فەرموویەتی : (( **فصح أن كلام رسول الله** ﷺ **كله في الدين وحي من عند الله عز وجل ، ولاشك في ذلك** ... وە

فەرموویەتی : ولو أن امرأ قال : لا نأخذ إلا ما وجدناه في القرآن لكان كافراً بإجماع الأمة )) ، پەروەردگار موسڵمانان لە کوفر و بێ باوەڕی بپارێزێت .

بەڵام جێی داخ و ئەفسوزەوە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا . پێشتریش . کەسانێکی نەزان دروست بوون بانگێشتی ئەوە دەکەن کە با موسڵمانان واز لە سوننەت بێنن و تەنها دەست بگرن بە قورئانەوە !!!! بە درۆ و بوهتانیشەوە ناوی خۆیان ناوە ( قورئانیەکان !!! ) ، و دێن قورئان بە پێی کەیف و عەقڵی پوچەڵی خۆیان لێك دەدەنەوە !!!! کە لە ڕاستیدا ئەو جۆرە کەسانە ئەوانەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی کردوون ، و لە فەرموودەکانیدا هەڕەشەی لێداوون ...

بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم : پێویستە لەسەر موسڵمانان ئەو جیاوازیە نەخەنە نێوان قورئانی پیرۆز و سوونەتی پێغەمبەر ، لەو ڕووەی کە هەردوو پێویستە وەربگیرێن و کاریان پێ بکرێت ، هەموو ئەحکامەکانیان لەسەر بینا بکەن ، بەوەش خۆش بەخت و بەختەوەری دونیاو دوا ڕۆژ دەبن ، ئەگەر نە ئەوا بەهەلاکەت دەچن و لەناوچوون چاوەڕێیانە ، هەروەکو پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : (( ترکت فیکم أمرین لن تضلوا ما إن تمسکتم بهما : کتاب الله و سنتي ، ولن یتفرقا حتی یردا علی الحوض )) ( رواه مالك بلاغا والحاکم موصلا بإسناد حسن ) .

سەرنوسەر

## برای لاوم لە لۆمەی ( لۆمەکار ) مەترسە

ئەی برای لاوم خوای گەورە زیاتر شارەزات کا لە دین وهیدایەتت بدات بۆ بەردەوامی لەسەر دین ئاگاداربە لەوەی کە ئەگەر زۆرینەی خەڵکی دژایەتیت بکەن !! بزانە ئاقیبەت و سەرکەوتن تەنها بۆ شوێن کەوتوانی سوننەتە ، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەموێت : (( بدأ الإسلام غریبا وسیعود غریبا کما بدا فطوبی للغرباء )) ( صحیح الجامع الصغیرة : ١٥٨ ) ، واتە : ئیسلام سەرەتا بە غەریبی و نامۆیی سەری هەڵداوە و جارێکی تریش بەنامۆیی سەرهەڵدەدات و دەگەڕێتەوە . هەروەك چۆن بەنامۆیی سەری هەڵدا جا مژدە و بەهەشت بۆ نامۆکان . ( سبحان الله ) ئەوە مژدەیەکی گەورەی پێغەمبەرە ﷺ کە ئەگەر صەبر بگرین سەرئەکەوین .

وە هەروەها دەفەرمووێت : (( وإن من ورائکم أیام ، الصبر فیهن مثل قبض علی الجمر ، للعامل فیهن مثل أجر خمسین رجل یعملون مثل عملکم ، قالوا یا رسول الله أجر خمسین منهم ؟! قال : لا بل أجر خمسین منکم )) ( صحیح الترغیب والترهیب : ٣١٧٢ ) ، واتە : لەپاش ئێوە ڕۆژگارێك دێت کە پێویستی بەئارام گرتنە ، ئارام گرتن تێیدا وەك ئەوە وایە بە دەست پشکۆی ئاگرین بگرین .

دەست گرتن بەدین و خواپەرستی لەو ڕۆژەدا پاداشتی پەنجا کەسی لە ئێوەی هەیە ئەی هاوەڵان . ئەوانیش سەرسام بوون وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستت پەنجا کەسە لە خۆیان ؟! فەرمووی : بەڵکو لە ئێوە .

برای لاوم لەو دووفەرمودەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئارامگرتن لەسەر دینی خوا چەند پاداشتی گەورەی هەیە بۆیە مەغرور مەبە بە زۆری ئەو کەسانەی کە دژایەتی سوننەت ئەکەن و بەکەمی ئەوانەی کە لەسەر سوننەتن هەرچەندە کەمیش بن شوێن کەوتوانی سوننەت ، بەڵام خوای گەورە هەر سەریان دەخات . وە مەترسە لەو کەسانەی کە توانجت لێ ئەدەن لە ( ریش یان لە کورتی پۆشاك یان لە هەر شتێکی ترت ... !!! ) ، ئێمە زیاتر خۆشەویستیمان زیاد ئەکا بۆ دینی خوا بەتوانجی کەسانی نەشارەزا بەرامبەر بە ئاینەکەیان ، وە ئەگەر هەموو خەڵك دژایەتیمان بکات نەکەی واز لەیەك سوننەت بهێنیت خۆت بەنامۆ مەزانە ئەوانە بە هیلاکدا چوون کە واز ئەهێنن لە سوننەت ، ئیخلاصت هەبێت لە ئەنجامدانی کارەکانتدا یەقینت هەبێت کە خوا سەرت ئەخات ( إن شاء الله ) .

پەلە مەکە و هەوڵبدە و دینی خوا بگەیەنە ئەوەندەی کە لە توانادایە ئەوانەی کە لە پێناو ئەم دینەدا جەنگاون زۆربەی گەنج بوون زۆری هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ گەنج بوون تا ئەمڕۆ دین گەیشتوەتە ئێمە ... جا ئەی گەنجی موسڵمان بزانە کە تۆ بەرپرسی بەرانبەر بە دینەکەت و ئاگاداربە بە قسەی خەڵکی نابێت لە دینەکەت وازبهێنێت !!!

### چەند هۆکارێك بۆ ئارام گرتن لەسەر دین :

خۆشارەزاکردن لەدینی خوا . وهاوڕییەتی کەسانی باش . وبڕوا بوونی تەواوت بە قەزا و قەدەر . وبەردەوام بوون لەسەر تاعەت . و ترسان لە خوای پەروەردگار و پشت پێ بەستنی . و دڵنیابوون لەوەی کە خوا تاقیت ئەکاتەوە ٧ . وە بڕوابوون بەوەی کە لەدوای ناخۆشی خۆشی دێت . وتێکەڵاو نەبوونی ئافرەتی نامەحرەم . وگوێ نەگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا . وترسان لە سزای تاوان . وزیکری خوای گەورە بەتایبەت بەیانیان و ئێواران . وبیرکردنەوە لە خۆشیەکانی بەهەشت . والحمد لله رب العالمین .

ڕێبین محمود

## خوای گەورە تەنها بە ئیسلام ڕازییە [١]

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴾ ( آل عمران : ٨٥ ) ، واتە : ئەوەی جگە لە ئیسلام وەکو ئاین بۆ خۆی هەڵبژێرێت و پەیڕەوی بکات ئەوا :

**یەکەم :** ئەو ئاین و بیروباوەڕەی کە هەڵی بژاردووە لێی وەرناگیرێت .

**دووەم :** کەسەکەش لە زیانمەند و خەسارۆتمەندەکانی دونیا و دواڕۆژە و کردەوەکانی قبوڵ نیە ، چونکە هەر کردەوەیەك بۆ ئەوەی وەربگیرێت پێویستە سێ مەرجی تێدا بێت :

١ . ئەو کەسەی کردەوەکە ئەنجام دەدات یەکخواپەرست بێت و هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیار نەدات .

٢ . دەبێت کردەوەکە بە نیەت پاکیەوە تەنها بۆ خوای گەورە ئەنجامی بدات .

٣ . ئەو کردەوەیەی کە دەیکات دەبێت بە پێی قورئان و سوننەت بێت .

ئەگەر هەریەکێك لەم مەرجانە نەبێت کردەوەکە قبوڵ ناکرێت ، ئاشکراشە ئەوانەی موسڵمان نین ئەگەر چی مەرجی دووەمیشیان تێدا بێت بەڵام بە دڵنیاییەوە مەرجی یەکەم و سێیەمیان تێدا نیە بۆیە هیچ کردەوەیەکیان قبوڵ نیە و دەدرێتەوە بە ڕویاندا .

لە سوودەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزە :

١ . هەموو ئاینەکانی تر جگە لە ئیسلام وەکو ئاینی گاوڕ و جولەکە و بوزی و ئاگرپەرست و . . . هتد لای خوای گەورە قبوڵ نیە و ڕەت کراوەیە و ئەو کەسانەش لەسەر ئەو ئاینانەن بێباوەڕ و خەسارەتمەندی دونیا و دواڕۆژن .

٢ . ئەو ئاینەی کە خوای گەورە قبوڵیەتی و پێی ڕازییە تەنها ئیسلامە و ئاینەکانی تر نابێت کاریان پێ بکرێت ، بۆیە لەسەر هەموو خەڵکی سەرزەوی پێویستە بۆ ڕزگاربوون لە نەهامەتیەکانی دونیا و بە دەستهێنانی بەهەشت ئاینی ئیسلام بکەنە ئاین و بەرنامەی خۆیان کە ئاینێکی تەواوە و فەرمانی بە هەموو شتێکی چاکە کردووە و ڕێگری لە هەموو شتێکی خراپە کردووە .

٣ . ئەوانەی کە ئاینی ئیسلامیان پێ قبوڵ نیە و بانگەواز بۆ ئاینەکانی تر دەکەن تەنها ماندوبوونیان بۆ دەمێنێتەوە چونکە خوای گەورە بڕیاری داوە کە دەبێت ئاینی ئیسلام و موسڵمانان سەربخات لە دونیادا وە لە دواڕۆژیشدا بەهەشت تەنها بۆ موسڵمانانە ئەوانی تر بەهەشتیان لەسەر قەدەغە کراوە ، بۆیە کاتێك دەبینیت گاورەکان[٢] ئەو هەموو پارە خەیاڵیە لە پێناو دژایەتی ئایندا خەرج دەکەن بێئومێد مەبە و مەڵێ تازە ئیسلام لەناوچوو !! چونکە : ﴿ إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ ﴾ ، واتە : بە دڵنیاییەوە سەرکەوتنی خوا زۆر نزیکە .

٤ . دەبێت موسڵمانانی بەڕێز و خاوەن بیروباوەڕی پاك و پیرۆز قەدر و ڕێزی ئەم ئاینە پڕ زانستە بزانن و بیروباوەڕ و کردەوەی خۆیان و نەوەکانیانی لەسەر بونیاد بنێن ، وە بە هیچ بەرنامە و ئاینێکی تر نەیگۆڕنەوە ، و بە ناوی پێکەوە ژیانەوە ئاینەکەیان لە دەست نەدەن ، وە بە ناوی ئازادی ڕادەربڕینەوە بیروباوەڕی دژە ئیسلام لە هیچ کەس قبوڵ نەکەن و پێی ڕازی نەبن و بە شێوازێکی جوان دژایەتی بکەن .

**لە کۆتاییدا دەڵێم :**

داهاتووی گەش و پرشنگدار و ئاسۆی ڕوون و سەرکەوتنی مسۆگەر چاوەڕوانتانە ئەی موسڵمانان ، بۆیە هەوڵ بدەن و تێبکۆشن و بگەڕێنەوە بۆ قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینە چاکەکانتان .

خوایە گیان بە موسڵمانی بمانژێنە و بە موسڵمانیش بمان مرێنە ، و لەگەڵ بروادارانda بە فیردەوسمان شاد بکە ، آمین ...

**إدريس محمود . دەرچوی یاسا**




[٢] ڕاستر وایە بوترێت : ( گاورەکان ) یان ( خاچ پەرستان ) نەك مەسیحیەکان چونکە ئەوانە شوێنکەوتەی هەوا و ئارەزووی خۆیانن نەك شوێنکەوتەی عیسا . عليه السلام . .

[١] بۆ ئەم نوسینە سوودم لەتەفسیری ( ابن عثيمين ) وەرگرتووە .

**دڵ گران مەبە ـ سوێند بە پەروەردگار ـ تۆ براوەیت**

گومانی تێدا نی یە ( خوێنەرانی ) ئازیز ، لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا ، دیاردەیەکی ترسناک سەری هەڵداوە ، کە جێگەی داخ و حەسرەتە ، و ئینسانی ئیماندار ، ناتوانێت لە بیر خۆی بەرێتەوە ، و فەرامۆشی بکات ، دیاردەیەکە کە دڵەکان غەمگین ، و چاوەکان پڕ فرمێسک دەکات . وە ئەوەی کە دەردەکەی خەستتر کردۆتەوە ، ئەوەیە : ئەو دیاردەیە لە ناو چین و توێژێکدا سەری هەڵداوە ، کە جێگای ئومێدی گەل و نەتەوەکەیانن ، ئەویش گەنجانن . ئەو دیاردەیەش دیاردەی نەبوونی هیممەت بەرزی ، و خۆ بەکەم گریە ، بەرامبەر وڵاتانی کوفر ، و بێ باوەڕی . وە هۆکاری ئەو داڕوخانەش دەگەڕێتەوە ، بۆ ئەو پێشکەوتنەی ئەورووپا ، و ڕۆژئاوا ، لە بواری : تەکنەلۆژیا ، و فەلەك ، و پزیشکی ، و ئەندازیاری ، بە دەستیان هێناوە ! جا با بێین بە یەکەوە ، بیر و هۆشمان بخەینە گەڕو ورد بینەوە ، بزانین ئەوان لەگەڵ ئەوەی گەیشتن ، بەو هەموو پێشکەوتن ، و خزمەت گوزاریەی ، کەوا بەدەستیان هێناوە ، خۆشحاڵی کردوون ؟! فیعلەن گەیشتوون بەو بەهەشتەی ، کە زۆرێك لەگەنجەکانمان بە بەهەشت ناوی دەبەن !! وە با بەراوردێکیش بکەین لە نێوان تۆی گەنجی ئیماندار ، و ئەوی بێ باوەڕ ، وە بزانین کامتان براوەن ، و کامتان دۆڕاون ، و خەسارەت مەندن ؟ دەمەوێت ئەمەش لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا ، ڕوونی بکەمەوە :

١ . بەو پەڕی گەش بینی و متمانەوە ، ڕوو لە تۆی گەنجی بڕوادار دەکەم ، و دەڵێم : مژدەت لێ بێت تۆ سەرکەوتویت ، وە تۆ براوەی ، چونکە خاڵێکی گرنگ هەیە ، تۆی کردووە بە براوە ، بەسەر ئەودا ، ئەویش ئەوەیە : کەوا تۆ ئامانجی خۆت دەزانیت لە ژیاندا ، وە دەزانی پەروەردگار بۆ پەرستنی خۆی دروستی کردووی ، وەکو دەفەرمووێت : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ ( الذاريات : ٥٦ ) . بەڵام ئەوی سەرگەردانە ، و هەدەفی ژیان و دروست بوونی لە بیر چۆتەوە ! وە بەشتێکەوە خەریکە ، کەوا لە پێناویدا دروست نەبووە ! کەواتە : جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە ، لە نێوان تۆ و ئەودا ، ئەویش ئەوەیە : کەوا تۆ هەدەفی خۆت دەزانی لە ژیاندا ، بەڵام ئەو نایزانێ !!

٢ . ئایا نیشانەی زیرەکی و وریاییە ، مرۆڤ هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بۆ دونیای فانی بێت ، و قیامەتی نەبڕاوەی لە بیر بچێتەوە ؟ پێم خۆشە ، لەسەر ئەمە هەڵوێستەیەك بکەین ، و بە دڵ و دەرونێکی هۆشمەندانە ، لەو بابەتە ورد بینەوە . حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر هەیە ، ئەویش : ئەوەیە کەوا دونیا کاتی یە ، و دەڕوات ، جا بۆیە دونیا لەوانەیە بۆ من ، بۆ تۆ ، بۆ ئەو ، هەر ئەمڕۆ بێت ، و بڕوات ، یان بەیانی بێت ، و بڕوات ، یان چەند ساڵێکی تر . وە بەڵگەم پێ یە بۆ قسەکانم ، خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿ قَالَ كَمْ لَبِثْتُمْ فِي الْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ قَالُوا لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ فَاسْأَلِ الْعَادِّينَ ﴾ ( المؤمنون : ١١٢ ــ ١١٣ ) . واتە : چەند ساڵ لەسەر زەوی مانەوە ؟ لە وەڵامدا دەڵێن : ڕۆژێك ، یان کەمتر لە ڕۆژێك ، پرسیار لە ژمێریاران بکە . وە خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا بەهای ئەو ژیانەمان بۆ باس دەکات ، و دەفەرمووێت ﴿ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَلَلدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾ ( الأنعام : ٣٢ ) . واتە : وە ژیانی دونیا هیچ نی یە ، بێجگە لە گاڵتە و سەرقاڵی نەبێت ، وە بێگومان ماڵی دوا ڕۆژ چاکترە ، بۆ ئەوانەی خۆیان دەپارێزن ، و لە خوای خۆیان دەترسن ، ئایا بۆ ژیر نابن ؟!

ئەرێ سوێند بێت بە پەروەردگار ، هیچ نی یە ، جگە لە گاڵتەو یاری ، وە زاتێك ئەوەی گوتوە ، کەوا دروستکەری دونیایە ، وە ئەوەشی کە تێیدایە . بەڵێ ئەوەیە حەقیقەتی دونیا ، ئایا ( الله ) ، شایەنی ئەوە نی یە ، کەوا : ئێمە ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەی بۆ بدەین ؟! وە قیامەتەکەمان لە یاد بکەین ؟! کەوا ژیانی نەبڕاوەی ئێمەی تێدایە ؟! وە خوای گەورە دوبارە تەئکید لەو ڕاستیە دەکاتەوە ، و دەفەرمووێت : ﴿ بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَى ﴾ ( الأعلى : ١٦ ــ ١٧ ) . وە ئەگەر سەیری پێغەمبەر ﷺ ، و هاوەڵانی ﷿ بکەین ، وە لە ژیانیان ورد بینەوە ، ئەو حەقیقەتە حاشا هەڵنەگرەت ، جوان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، ئەوەتا ئیمامی عومەر رضي الله عنه دەچێتە لای بەڕێزترین ئینسان ، لەسەر ڕووی زەوی ، ئەویش پێغەمبەری خوایە ﷺ ، دەبینێت لەسەر حەسیرێك دانیشتووە ، شوێنی حەسیرەکە لەسەر لاشەی دەرکەوتوە ، ئیمامی عومەر دڵتەنگ دەبێت ، و دەفەرمووێت : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، تۆ لەچ حاڵێکدایت ! و کیسرا و قەیسەریش لەچ حاڵێکدان ! بەڵام

دکتۆری دڵەکان ، و زانای زانایان ، باش لەو دونیایە گەیشتووە ، بۆیە ﷺ ، دەفەرموویت : ئەی عومەر ، ڕازی نابیت دونیا بۆ ئەوان بێت ، و قیامەت بۆ ئێمە بێت ؟ وە بەردەوام هاوەڵانی ﷺ لەسەر ئەوە پەروەردە دەکرد ، و دەیفەرموو : (( كن في الدّنيا كأنّك غريب ، أو عابر سبيل )) ( رواه البخاري ) . وە بۆیە دووبارە دەڵێم : مژدەت لێبێت ئەی ئیماندار ، تۆ براوەیت ، و ئەوان دۆڕاو !

٣ . جا با بەیەکەوە پیاسەیەك بە ناو ئەو بەهەشت ، و کۆشك ، و تەلارانە بکەین ، کەوا : ورەی تۆی دابەزاندوە ، وفریوت پێی خواردوە ! بزانین ئایا لە ڕاستیدا ئەوانە بەهەشتن ؟ یاخود بزانین ئەو پێشکەوتن و تەکنەلۆژیایە تا چەند بەختەوەری کردوون ، و کامەران دەژین لە ژیاندا ؟ پێش ئەوەی ئەوەت بۆ ڕون بکەمەوە ، ڕاستییەك هەیە ، ئەویش ئەوەیە : کەوا مرۆڤ لە دوو بەش پێك هاتووە ، لایەنی لاشە ، و لایەنی ڕوح ، بۆیە ئینسان ناتوانێت بەختەوەر و ئاسودە بژی ، تاکو حەق و مافی تەواو بە هەردوو لایەن نەدات ، وە بە فەرامۆش کردنی هەر لایەنێکیان ، ژیان بەرەو ناخۆشی ، و تاڵی دەبات . فەرموو : تۆ و ئەو چەند بەڵگەیە ، کەوا لەبەر نەبوونی دەرفەت ، زۆر بە کورتی ، و پوختی باسیان دەکەم :

یەکێك لە ئەوروپاییەکان ، دەڵێت : (( شارستانی ئەو سەردەمە ناگونجێت لەگەڵ ئینسان ، سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانەمان ، وە ئێمە قەومێکی سەرگەردانین ! وە دیگۆڵ دەڵێت : کۆمەڵگای ئەوروپی شتێکی زۆر بە نرخی لە دەست داوە ، لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەی لە بواری تەکنەلۆژیا بەدەستی هێناوە ! ئەویش : ئینسانی بوون ، و گرینگی دان بە قییەم و ئەخلاق ، و ڕوحە . بەردەوام دەبێت ، و دەڵێت : شارستانیەتەکەمان ئەو قییەم و ئادابانەی پەیوەندی بە لایەنی ڕوحیانەتەوە هەیە پچڕاندوە ، تاکو دەڵێت : ئێمە شعورەکانمان وشك بوونەتەوە ، و حەیاو ئەخلاقمان چەقی بەستووە ! دیگۆل لەکاتێکدا ئەوەی وتووە ، کەوا : سەرۆکی فەرەنسا بووە !

وە نیکسۆن لە یەکەم وتاری خۆیدا ، وەکو سەرۆك کۆماری ئەمریکا ، دانی بەوە دانا ، کەوا : ئێمە لە لایەنی مادیەوە پێشکەوتوین ، بەڵام لە لایەنی ڕوحیەوە یەوە ڕوخاوین . بەردەوام دەبێت و دەڵێت : بە وردەکاریی یەکی زۆر وردەوە ، گەیشتین بۆ سەر مانگ ، بەڵام لەسەر زەوی بەدەست چەندین کێشەو گیرو گرفتەوە دەناڵێنین ) !!

وە لەکۆتایدا : ئەمەوێت ، ئەوە یادی خوشك ، و براکانم بخەمەوە : کەوا هەرگیز ، ناڵێم : با پێش نەکەوین ، با پرد ، و کۆشك ، و بینای هەور بڕمان نەبێت ، با لە کۆمپیوتەر ، و ئینتەرنێت شارەزا نەبین !! نا .. هەرگیز ئامۆژگاری وات ناکەم ، بەڵکو دەڵێم : با ئەوانە لەسەر حیسابی قیامەت نەبن ، بە شێوەیەك : خوا ، و قیامەت ، و هەدەفی دروست بوونمان ، لە بیر بەرنەوە !

وە دووبارە داوا لە گەنجە ئیماندارەکان دەکەم ، با خۆمان بە براوە بزانین ، و دەست بە ئاینەکەمانەوە بگرین ، و شانازی بە شوناس ، و عەقیدە پیرۆزەکەمانەوە بکەین . وە ( سوێند بە پەروەردگار ) ، گەر لەگەڵ خوا ڕاست بین ، و دەست بە بەرنامەکەی ئەوەوە بگرین ، سەرکردایەتی و پێشەوایەتی ، هەم لە دونیا ، و هەمیش لە قیامەتدا بۆ تۆی ئیماندار دەبێت ، وە مێژووی ڕابردووش ، شایەتە لەسەر ئەمە .

**ئەندازیار : هاوکار محمود علی**

> ( **ابن القيم الجوزي** ) ـ رحمه الله . **سەبارەت بە زانست و ئارامگرتن فەرموویەتی : (( ئارامگرتن هاندەرە بۆ زانست ، جا ئەگەر ئارامگرتن و زانست پێکەوە کۆ بوونەوە مرۆڤ سەربەرزی دونیا و قیامەتی دەست دەکەوەێ ، سوود لە هەموو زانستیك وەردەگرێ ، بەلام ئەگەر یەکێکیان ئەوەی تری لە گەڵدا نەبوو ئەوە سوودی نامێنی** )) .

## ( خۆت چۆن بیت ئەوهات لەگەڵ دەکرێ )

چۆن مامەڵە دەکەیت خەڵکیش ئەوها مامەڵەت لەگەڵ دەکات : جێی سەرسوڕمانە لای ئێمە ئەمانەوێ خەڵك لەسەر خۆ و هێمن بن لەکاتێ کە خۆمان توڕەدەبین ، دەمانەوێ خەڵك سەخی بن بەلام خۆمان چاو چنۆکین ، دەمانەوێ خەڵکی وەفادار بن بەلام خۆمان غەدر دەکەین نامانەوێ ئەوەی لەسەرمانە بە جێی بهێنن ، ئایا دار ئاگری لێ هەڵ دەگیرسێ ئەگەر دووکەڵ نەبێ.

**غوربەت محمد. ك . پ . چەمچەماڵ . دەروونناسی**

## پاك كردنەوەی دەروون لە ...... ؟؟؟؟

لە پاش شوکر و ستایشی بێ پایان بۆ خوای پەروەردگار و سەڵات و سەلامی بەردەوام بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەر و یار و یاوەران و ئەهل و بەیتی ، دەڵێم : ( السلام عليكم و رحمة الله وبركاته ) :

خۆشك و برایانی ئازیزم بە دڵنیاییەوە خوای پەروەردگار ئێمەی مرۆڤی دروست کردووە هەموانیش بەیەك ئەندازە بەندەی یەك خواین هەر لە دروست بونی باوە گەورەمانەوە ئادەم و هەتا ڕۆژی دوایی ... ئێمەی مرۆڤ کە لە گڵ دروست بوینە ، بروات بێ ڕۆژێك دێت هەر گڵ وکرم گۆشت وئێسکەکانمان ئەچنێتەوە و تامی لێ دەکات : ﴿ إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِندَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ ﴾ ( آل عمـــران : ٥٩ ) . ئەگەرچی جیاوازیەك هەبێت لە نێوانماندا ئەوە تەنها لە ماڵ وموڵکی دونیادایە لە ئەو شتانەی کە دێتە ڕێگەمان و ئەویش هۆکاری تایبەتی و تاقیکردنەوەیەکی خوای پەروەردگارمانی تێدایە . کاتی مردنیشمان دیاری نەکراوە هیچی نابەین لەگەڵ خۆمان : ﴿ وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾ ( المنافقون : ١١ ) .

بۆیە باشترین هۆکاریش بۆ خۆشحاڵ بوونی شەیتان و بۆ گەیشتن بە ئازارێکی زۆر دژوار کە زۆر لە نێوان خەڵکی باوە ئەویش خۆبەزل زانین ئەم سیفەتە لە خۆیدا نکوڵی کردنە لەحەق و ڕاستی بەکەم تەماشاکردنی خەڵکی و فەخرکردن بەسەریاندا هەر ئەم سیفەتە بوو وای لە شەیتان کرد دەربجێت لە ڕەحمەتی خوای گەورە تا ڕۆژی دوایش بەم جۆرە ماوەتەوە ، خوای گەورە کەسانی خۆبەزل زانی خۆشناوێت ، بێ گومان هەرکەس خوای گەورە خۆشی نەوێت شوێنی دۆزەخە و بێ بەشە لە ڕحمەتییەوە .

پێغەمبەرامان ﷺ دەفەرموێت : (( لايدخل الجنة أحد في قلبه مثقال ذرة من كبر )) ( رواه مسلم ) .

لەکاتێکدا کە کەسێك دەڕوات بە سەر زەویدا بە پۆشاکێکی وا کە لەخۆبایی بوونی تێدا بەدی دەکرێت جاخوای گەورە بەناخی زەویدا ڕۆی دەچێنێتە خوارەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان وتاڕۆژی دوای ئەمە حاڵی دەبێت .

خوای میهربان ئەمرمان پێ دەکات و دەفەرموێت : ﴿ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ الْأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولًا ﴾ ( الإسراء : ٣٧ ) ، واته : لەسەر زەویدا بەفیز و خۆبەزل زانینەوە مەڕۆ چۆنکە تۆ ناتوانێت زەوی کون بکەیت بەم ڕۆیشتنەت هەروەها ناشتوانی باڵات بگاتە بەرزی شاخەکان .

بۆیە دەبێت دەرونمان پاك بکەینەوە لەم سیفەتە ناشیرینە چونکە شەیتان ئەبێتە هاوڕێمان بەلای کردەوەکانی خوی دەمانبات جا بەهەشتێکی پڕ لە ئاشتی لە دەستی خۆمان نەدەین لەبەر دونیایەکی کاتی .

**کوێستان عبدالخالق.کو.تکنيکی سليمانی**

## هونەری قسە خۆشی

١ . هەمیشە قسەیەك بۆ خەڵك بکە ، ئومێدی بداتێ ، وە باسی شتە جوانەکانی بۆ بکە .

٢ . هەوڵبدە سیما وناوی خەڵکت لەبەر چاوبێت ، و بیانناسیتەوە ، و ئەوەت لە یادبێت ، چونکە هەموو مرۆڤێك ئەو توانایەی هەیە ، ئەگەر لە ناو مێشکی جێگیر بێت .

٣ . کاتێك لەگەڵ بەرامبەرت قسە دەکەیت با هەمیشە بزە و خەندە لەسەر لێوت بێت .

٤ . ئەگەر خەڵکی متمانەی خۆیان دا بە تۆ ، بە ئەرکی خۆت هەستە .

٥ . هەمیشە هەوڵبدە ( تۆ ) ، بەکار بهێنە ، ( من ) ، کەم بەکار بهێنە .

٦ . هەرگیز لە شتە دونیاییەکانەدا مەڵێ : ( بێگومان ) ، بەدڵنیاییەوە ، زیاتر هەوڵبدە قسەکانت بەشێوەی پێشنیار بکە ، بلێ : لەو بڕوایەدام ، یان بە بڕوای من .

٧ . گاڵتە بە خەڵکانی دیکە مەکە ، و ڕێزیان لێ بگرە .

٨ . هەوڵبدە قسەی گونجاو ، لە شوێنی گونجاودا بکەیت ، وە کەم وکوڕی کەسانی دیکە ، پڕبکەوە .

٩ . ئەگەر هەڵە بوویت ، دان بە هەڵەی خۆتدا بنێ .

١٠ . هەوڵبدە زیاتر گوێ بگریت ، وەك لەوەی زیاتر قسەبکەیت ، خودای پەروەردگار ، بۆیە دوو گوێ و یەك زمانی داوە پێمان ، تاکو کەم قسە بکەین ، و زۆر ببیستین .

١١ . کاتێك بەرامبەرەکەت دەیەوێ بڕوات ، بە ناوی خۆیەوە بانگی بکە ، تاوەکو هەست بە گرنگی خۆی بکات .

**هەڵکەوت بورهان حسێن . ز.کۆیە، ك.زانست.. ماتماتيك**

## ئافرەتان لە پێشدا

بێگومان بەشێك لە كلتوور وێژەی هەموو میللەتێك بریتیە لەو پەند و نوكتە و قسە نەستەقانەی كە لە سەر زاری ڕۆڵەكانی ئەو میللەتە ڕۆژانە دەوترێتەوە و نەوە بۆ نەوە دەگوێزرێتەوە ، ئەو پەند و قسە نەستەقانەش هەڵقولاوی كۆمەڵێك بیروبۆچوون و ڕووداو و باوەڕن كە لە ئێستا و مێژووی ئەو میللەتەدا هەن و هەر یەك لەوانە هۆكاری دروست بوونی تایبەت بە خۆی هەیە ، هەر بۆیە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەیانەوە شارەزای بەشێك لە كلتوور و تێڕوانینی ئەو میللەتە بێت ، یەكێك لەو پەندانەی كە لە ناو ئینگلیز و زمانی ئینگلیزیدا بلاوە و فێرخوازانی زمانەكەیش بەكاری دێنن بە مەبەستی ڕێزلێنان لە ئافرەت و لە پێشەوە دانانی كچان بریتیە لە ( ladies first ) واتە : ( ئافرەتان لە پێشدا ) كە ئەمیش لە كاتی ئەنجامدانی كارێك كە بواری تەنها كەس ( ڕەگەز ) ێكی تیدابێت ئەوا بوارەكە بە ناچاری دەدرێتە ئافرەتان ئەگەر چی كارەكە مەترسی داریش بێت ولە گەڵ سروشتی ئافرەتاندا نەگونجێت ، خەڵكیش وا تێگەیشتوون كە ئەمە ڕێزلێنانی كلتوری ڕۆژئاواییە لە ئافرەتان و گوایە ئەوان ئافرەت لە پێشتر دادەنێن و خەڵكێكی زۆریش بەم رووكەشە هەڵخەڵەتاون هەروەكو چۆن بە شتەكانی تری كلتووری ڕۆژئاوا مەست و سەرسامبون ، بەڵام ئەگەر سەیری مێژو و سەرەتای سەرهەڵدانی پەندەكە بكەین دەبینین نەك مانای ڕیز و لە پێشدانانی ئافرەت نادات بەڵكو ئاماژەیە بۆ ناپاكی و بێ ئەمەكی و خیانەتكاری ئافرەت ، ئەویش لە چیرۆكەكەیەوە دەردەكەویت كە گوایە كاتێ كوڕە خزمەتكارێكی ماڵی پاشا لە گەڵ كچی پاشا دەكەونە خۆشەویستیەوە و دوای ئاشكرابوونیان هەردوكیان هەڵدێن و دارودەستەی پاشا بە دوویان دەكەون و لە شوێنێك ڕووبەڕووی كچ وكوڕ دەبنەوە كە هیچ بواری ڕاكردنیان نیە چونكە پێشیان نزمیەكی زۆرە و هێزەكەی پاشاش لە دواوە نزێك دەبێتەوە ، چار نەماوە جگە لە خۆ بەدەستەوەدان و لە سێدارەدانی كوڕی سەركەش ، یان پێكەوە خۆیان فڕێ بدەنە خوارەوە مردن هەڵبژێرن بە سەر لێكجیابوونەوە ، بەلام كێ لە سەرەتاوە خۆی فڕێ بدات ؟ ئەوەیان پرسیارێكە و ئەم كلتوورە وەڵاممان دەداتەوە و دەڵێت ( Never trust a guy ) واتە : هەرگیز متمانە بە پیاو مەكە ، كچی زۆرزان بەم پەندە ناچاری كوڕ دەكات كە دەبێت ئەو پێشتر خۆی هەڵبدات ، كوڕی خۆش باوەڕ زۆر بە بێباكانە خۆی هەڵ دەدات و پارچە پارچە دەبێت ، بەلام دوای ئەوەی كە كچ ئەو دیمەنە ترسناكەی كوڕی خەڵتان لە خوێن دەبینیت ، ترس دایدەگرێت و لە بڕیاری خۆهەڵدان پەشیمان دەبێتەوە و وەكو بەرزەكی بانان و بەڕێزەوە بەرەو ماڵ بە ڕێ دەكەوێت ، دواتر كە هەواڵەكە بلاو دەبێتەوە لە شاردا كە چۆن كچە پاشا خیانەتی لە كوڕ كردووە و پەیمانەكەی بەسەر نەبردووە ، ئەمەش وا لە خەڵكی دەكات هەمیشە كارەكان سەرەتا بە ژنان دەست پێ بكەن وببێتە هۆكاری سەرهەڵدانی پەندێكی نوێ كەئەویش ( Ladies first ) ە ، ئەمەش بۆ ڕێگرتن لە ناپاكی و بێ ئەمەكی ئافرەتە نەك ڕێز لێنان هەروەكو لە هۆكاری سەرهەڵدانەكەیەوە بۆمان دەردەكەوێت و بوونی پەندی لەو جۆرە لە هەر كلتوورێك بێت سروشتی ناكۆكی پەیوەندی نێوان نێر و مێی ئەو میللەتەمان پیشان دەدات كە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا گەیشتووەتە ئەو پەڕی لاوازی و گوماناویی و هیچ شایانی ئەوە نیە كە چاوی لێ بكریت چ جای ئەوەی شانازی پێوە بكرێت و پێیا هەڵبدرێت ؟؟!!

**فلاح حسن.دەرچووی.ئینگلیزی.هەولێر**



## بوونی مافت لە بنچینە و ئامانج دایە

الحمد لله ... ياربي لك الحمد كما ينبغي لجلال وجهك وعظيم سلطانك ... بەڕاستی باش زانینی هەندێك لەو شتانەی كە خودای گەورە بۆی دانابویت خێری تێدابوە ئینجا تێئەگەیت كەبەراستی هەرخوی شایستەی ئەم وەصف و بیا هەڵدانەیە ... چونكە ئێمە خاونی هیچ شتێك نین تەنها ئەم شتانەی كە خۆی پێداوین یا قەدەغەی كردوە جگە لەخێر و چاكە چیتر نین بۆمان ... كاتێك مافی ئێمەی دانابێت بەسەرخویەوە ناكرێت مافی خۆی یا مافی نێوان بەندەكانی دیاری نەكردبێت ؟!

هەروەكو پیغەمبەر ﷺ بۆ ( معاذ ) ی ڕوون كردەوە ، هەروەك دەگێڕێتەوە : (( كنت رديف النبي ﷺ على حمار ، فقال لي : يامعاذ أتدري ماحق الله على العباد ، و ماحق العباد على الله ؟ قلت : الله ورسوله أعلم ، قال : حق الله على العباد أن يعبدوه ولا يشركوا به شيئاً ، وحق العباد على الله أن لا يعذب من لا يشرك به شيئاً )) ، بۆیە پێویستە ئەم ئەرك زانیاریانەی كە خودا لەسەرمانی فەرزكردوە بیان زانین وجیٚ بەجێی بكەین .

ئەوەی من ئەمەوێت لێرەدا بیڵێم و پێیبگەم مافێكە لای زۆرمان ئەو گرینگی پێنادریت !! ئەویش مافی منداڵە لەسەر دایك و باوك ؟!!!

بەراستی جێگەی سەرسورمانە ئەم رستەیە چونكە ئیمە تەنها مافی دیك وباوك بەسەر منداڵانمان بیستوە و گرینگی پێئەدریت بەڵام زوربەمان بیئاگاین كەپاش جیٚ بەجیٚ كردنی ئەم خاڵانە مافی خۆیان وەردەگرن ئەمیش لەبنجینە و ئامانجەكەیدا دەبێت :

١ . هەڵبژاردنی ئەو كەسەی كە دەتەوێت ژیانی هاوسەر گیری لەگەڵی پێك بینی جا لەهەر لایەنێكەوە بێت دەبێت زۆر وریا بیت لەم بریارە جونكە پەیوندی بەدوارۆژی منداڵەكانیانەوە دەبێت بۆیە دەبێت موسڵمانیكی باش بێت ، نەك لەسەرجوانی وسەروەت وشوهرەت بێت بۆیە لەخۆت بپرسە ئایا ئەم كەسەی تۆ دیاریت كردووە خەریكی ڕازی كردنی خودایە یا ڕازی كردنی خەڵكی یە چونكە بەیانی هەم لەبەر ڕازی كردنی خەڵكی ناتوانێت منداڵەكەی و هاوسەرەكەی یا پیاوەكە ناتوانێت خێزانەكەی ڕازی بكات وئەم ئەركانە جی بەجی بكات كە خودای میهرەبان بۆی داناوە جونكە لای ئەو وایە كە ئەم شتی باشتر دەزانێت !!!!!

بەلام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنی كە واز لەپرۆسەی هاوسەرگیری بهێنرێت چونكە زۆرێك لەخەڵكی بەبیانوی ئەوەی كە كەسی باش نەماوە یا متمانەی بەكەس نیە دەڵێت بیر لەم پرۆسەیە ناكەمەوە !!!

٢ . هەڵبژاردنی ناوێك بۆ منداڵ : كە بزانین بۆچی ئەم ناوەی لیٚ ئەنرێت وبەچ مەبەیستێك و لە كوێوە هێناوتە لەوانەیە ئێستا تۆ بڵێت بۆچی ئایا ناویش كاریگەری دەبێت بەڵی زۆر لەوەی زیاتر كە تۆ بیری لیٚ دەكەیتەوە چونكە زۆربەی كاتەكان كە منداڵەكە گەورە ئەبێت وتێئەگات هەوڵدەدات وبەراستی ڕەوشتی ناوەكەی پێوەبێت جا ناوی هونەرمەندێك بێت یا كەسێكی بەناو بانگ بێت یا پییغەمبەریك یا كەسێك بێت پێشینەی باشی هەبێت ، بۆیە واباشە كە ناوێكی باشی پێوە بنرێت ، چونكە كاتێك توانای تێگەیشتنی هەبێت پێی دەووترێت كە ئەم كەسەی ئەم ناوەی هەبوە كاری واباشی كردوە بۆیە ئێمەش ئەم ناوەمان بۆ هەڵبژاردیت هیوادارین تۆش وابیت وبونت لەژیاندا سودی هەبێت .

٣ . لەم خاڵەدا زۆربەمان بۆ لایەنی مادییەكەی كیشەمان نییە بەڵام بۆ لایەنی ڕوحیەكەی بەداخەوە ، بۆ لایەنی مادییەكە دەبێت دایك وباوك هەردوكیان هەوڵبدە نانێكی حەڵاڵ بدەن بەمنداڵەكە و تابتوانن بەباش پێی بگەیەنن هەرچەندە ئێستا ئەگەر باسی پەیداكردنی پارە و نان بكەین لەوانەیە هی زۆربەمان حەرام بێت بڵێن چی ئیتر !!!

وە لایەنی ڕوحیەكەشی زۆربەی یان لێی بێئاگان و زۆربەشیان لایان گرنگ نیە !!! چونكە دەڵێن خۆی لەگەڵ ژیاندا فێر دەبێت نازانێت لەگەڵ ژیاندا فێری مۆدەكاری ولاسای كردنەوە دەبێت چونكە هەرگیز كەسیان ئامادە نییە بنچینەكانی ئاینی بۆ شیبكاتەوە و وەڵامی پرسیارەكانی بداتەوە هەروەكو دەزانین زۆر لەمنداڵ لە تەمەنیكدا زۆر پرسیار دەكەن كە پێویست دەكات وڵام بدریتەوە وشەی عەیبە لەجێگای گوناهە بەكار دێنن !!!!

**ئەندازیار : سروین بلباس . ك.ت.سلیمانی . میكانیك**

## چۆن بەهەشت بۆ خۆت مسۆگەر دەکەی

تۆ کاتێك خۆت لە شتە قەدەغە کراوەکان دەگریتەوە ئەندامەکانی لەشت لە کردەوەی خراپ دەپارێزیت ، ئەوا ووتەی پێغەمبەری خوات ﷺ پەیڕەو دەبێت کە دەفەرموویّت : (( من يضمن لي ما بين لحييه وما بين رجليه أضمن لــه الجنــة )) ( صحيح البخــاري : ٦٤٧٤ ) ، واتە : کێ ئەوەی کە لە نێوان لێوەکانیدایە واتە ( زمان ) وە ئەوەی کە لە نێوان ڕانەکانی دایە واتە ( عەورەتی ) بۆم بپارێزێت لە تاوان ئەوا بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکەم .

لێرەدا ئەوەت لێ دەپرسم : ئایا تۆ جگە لەبەدەست هێنانی بەهەشت هیچ داواکاریەکی گەورەترت هەیە ؟ نەك هەر لە تۆ بەڵکو دەپرسم : لەوزانایەی کە هەموو کاتەکانی بەفێربوون و فێرکردنی زانستی شەرعی دەباتە سەر ، لەو بەندە لە خوا ترسەی کە بەردەوام خەریکی خواپەرستیە ، لەو تێکۆشەرەی کە هەرزانترین شت لە لای نەفسێتی کە بە پەروەردگاری دەبەخشێت ، لەوکەسەی کە نەفسی خۆی بەخت دەکات لە پێناو سەرخستنی ڕەوا و لە ناودانی ناڕەوادا ، لەو بانگەوازکارەی کە شەونخونی شەوان و نارەحەتی ڕۆژ دەدات بەدەم یەکەوە خەریکی بانگەواز کردنی خەڵکە بۆ سەر ڕێبازی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ لە هەموو ئەوانە دەپرسم : ئێوە ئەم کارانەتان لە پێناو چیە ؟ بێگومان هەموو یەك وڵامیان هەیە ئەویش : بەهەشتمان دەوێ ، بەڕاستی ئەمەیە ویست و ئامانجی کەسانی خواویست ، هەرچەندە ڕێگاکانیان جیاوازبێت ، بۆیە برای خۆشەویستم خوشکی بەڕێزم ، سوربە لە پاراستنی ئەندامەکانی لەشت لە قەدەغە کراوەکان ئەو کات بەهەشتت بۆ مۆسۆگەر دەبێت .

**دانا جمعه . ك.پ.بنەڕەتی کەلار.بەشی کۆمەڵایەتی**

## ڕۆژئاوا دەبێت بە ڕۆژهەڵات !! کەی و چۆن ؟

الحمد لله خالق الأكوان والصلاة والسلام على نبي آخر الزمان وعلى أصحابه وأتباعه بإحسان ... أما بعد :

بەڕاستی دەبێت ڕۆژێك بێت ڕۆژئاوا ببێت بەجێگەی هەڵهاتنی خۆر ، ئەم ڕاستیەش زانستی سەردەم دانی پێناوە .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( ثلاث إذا خرجن ، لاينفع نفس إيمانها لم تكن آمنت من قبل أو كسبت من إمانيها خيرا : طلـوع الشمس من مغربها ، والدجال ، ودابة الأرض )) ( الصحيحة : ٣٦٢٠ ) ، واتە : سێ نیشانە هەن ئەگەر دەربکەون ، ئەو کەسەی کەوا ئیمانی نەهێنابێت یان لە کاتی ئیمانەکەیدا کردەوەی چاکی نەکردبێت ، ئەوا ئیمان هێنان لەو کاتە سودی پێناگەیەنێت : هەڵهاتنی خۆر لە ڕۆژئاواوە ، و دەجال ، وگیان داری زەوی .

لەو ڕۆژەوە کەوا خوای باڵادەست زەوی وئەوەی تێیدایە دروسی کردووە خۆر لە خۆر هەڵاتەوە هەڵدێت و لە خۆرئاواوە ئاوا دەبێت ، لە ئەنجامی سوڕانی زەوی بەدەوری خۆیدا شەو و ڕۆژ بەرهەم دێت بەڵام لەئەنجامی سوڕانی زەوی بە دەوری خۆردا چوار وەرزی ساڵی لێ بەرهەم دێت ، ئەم ئیشەیش بەردەوامە و ڕوودەدات لەگەڵ هەموو هەسارەکانی تری کۆمەڵەی خۆردا .

خۆر لە ڕۆژ ئاواوە هەڵدێت کاتێك خێرایی زەوی بەدەوری خۆیدا بەرە بەرە کەم بکات وە دوای ئەوە دەست بەسوڕانەوە بکات بەپێچەوانەی ئاراستەی ئێستای بۆیە لەو کاتەی خێراییەکەی بەدەوری خۆیدا کەم دەکات تاوەکو پێچەوانە بوونەوەی ئاراستەکەی لەم کاتەدا شەو ڕۆژ درێژ دەبێتەوە ، ئەمەیش ڕاستی ئەم فەرموودەیەمان بۆ دەردەخات : (( إن بعض أيــام الدجــال يكون فيها يــوم كسنة ، ويوم كــشهر ، وأيــام معتادة )) ( المشكاة : ٥٤٧٥ ) ، واتە : هەندێك لەڕۆژەکانی کات و سەردەمی دەجال ڕۆژێکی بە ئەندازەی ساڵێکە و ڕۆژێکی بەئەندازەی مانگێکە و ڕۆژەکانی تر ئاساین .

وە بۆ زیاتر پشت ڕاست کردنەوە ئەم فەرموودەیە دەرکەوتنی دەجال وهەڵهاتنی خۆر لە ڕۆژ ئاواوە لەنیشانە گەورەکانی ڕۆژی دواین و لەنزیکی یەکتر ڕوودەدەن .

ئێستا هەسارەی مەریخ کە نزیکترین هەسارەیە لەزەویەوە دەستی بە خاوبوونەوە کردووە ، وە زانایان باس لەوە دەکەن کەوا دەبێت ئەمەیش لەگەڵ زەوی و هەموو هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر ڕووبدات ... دوای ئەوەی زانیت مەریخ نزیکترین هەسارەیە لە زەوی و ئەو دەستی بە خاوبوونەوە کردبێت بەئاگابە دوای مەریخ یان لەگەڵ مەریخدا نۆرەی چ هەسارەیەك دێت بۆ ئەوەی دەست بەخاوبوونەوە بکات ؟؟؟!

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

**طيب عادل عبدالقادر . پەروەردەی کەلار . بەشی کیمیا**

# ئیمامی عومەر و داهاتی گشتی

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا زۆر بەڕونی لە میدیاکانی دونیادا دەبینن و دەخوێنینەوە کە کێشەیەکی زۆر گەورە هەیە لەسەر چۆنیەتی دابەش کردنی داهاتی گشتی ، تەنانەت لە هەندێك وولاتدا شەڕ و ئاژاوەی لێکەوتۆتەوە . بە شێوەیەك کە هاولاتیان بوونەتە قوربانی لە دابین نەکردنی داواکاریەکانیان وە نەبوونی دادپەروەریەکی ڕاستەقینە کە ببێتە مایەی دڵ خۆشی .

وە ئەگەر بڕوانینە مێژووی پڕشکۆی ئیسلام بەتایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیمامی عومەر ﵁ کە چەندین لاپەڕەی پڕشنگداری نەخشاندووە لە لاپەڕەکانی مێژوودا کە هەتا هەتایە تیشك دەدەنەوە کە لەم چەند نموونانەی خوارەوە دەردەکەون :

١ . لەساڵی گرانیەکەدا ئیمامی عومەر ئەوەندە نان و زەیتی خواردبوو پێستی ڕەش بوو ، دەیفەرموو : خراپترین سەرکردەم ئەگەر من تێربم وخەڵك برسی بێ .

٢ . جارێکیان ئیمامی عوسمان ﵁ لەماڵی خۆیەوە سەیری دەرەوەی دەکرد لە ڕۆژێکی گەرمدا لەپڕ دەبینێ پیاوێك دوو بەچکە ووشتری پێیە لیان دەخوڕێ ، ئیمامی عوسمانیش دەفەرموێت : ئەوە چی دەبوو ئەگەر ئەو کابرایە چاوەڕێی بکردایە تاوەکو دونیا فێنك دەبوو پاشان بڕۆشتایە . دوای بەرەبەرە کابرا نزیك دەبوویەوە تاوەکو ئیمامی عوسمان بە پیاوێکی ووت : بزانە ئەوە کێیە ؟ کاتێك پیاوەکەش سەیری کرد بینی پیاوەکە خۆی داپۆشیوە تاوەکو تەواو نزیك بوویەوە بینیان ئیمامی عومەرە . ئیمامی عوسمان لێی پرسی : گەورەم چی وای لێ کردی کە لەم گەرمایە بێیتە دەرەوە ؟ ئیمامی عومەریش فەرمووی : ئەمانە ووشتری زەکاتن و دواکەوتوون ووشترەکانی تری زەکاتیان بردووە بۆ لەوەڕاندن ویستم بیان گەیەنمێ نەوەکو بەزایە بچن و دوای لای خوای گەورە بەرپرسیاربم . ئیمامی عوسمانیش فەرمووی : گەورەی موسڵمانان وەرە ئەم سێبەرە و ئاو بخۆرەوە ئێمە ئەو کارە دەکەین . ئیمامی عومەریش فەرمووی : ئەی عوسمان بچۆرە سێبەری خۆت ( أسد الغابة: ٤/١٦٠، والكامل: ٣/٤٥١) .

٣ . لە عبداللە ی کوڕی ئیمامی عومەرەوە ﵄ دەفەرموێ : ووشترێکم کڕی بۆ ماوەیەکی زۆردەمبرد بۆ لەوەڕاندن تاوەکو قەڵەو بێت و بەقازانج بیفرۆشمەوە ڕۆژێکیان هێنامەوە بۆ بازاڕ بۆ فرۆشتن ، ئیمامی عومەریش ئەو ڕۆژە هات بۆ بازاڕ و چاوی بەم ووشترە قەڵەوە دەکەوێت دەڵێت : ئەمە هی کێیە ؟ لەوەڵامدا پێی دەڵێن : ئەوە هی عبداللە ی کوڕتە . ئیمامی عومەریش دەڵێت : بەه بەه بەڕاستی جوانە کوڕی گەورەی موسڵمانان ووشترە قەڵەوەکەی دەگێڕێ ، عبداللە ش پێی دەڵێت : ئەوە چیە گەورەی موسڵمانان ؟ ئیمامیش دەڵێت : ئەم ووشترە چیە ؟ عبداللە ش لەوەڵامدا دەڵێت : ئەوە حوشترێك بوو کاتێك کڕیم لاواز بوو ، پاشان بۆ ماوەیەکی زۆر بردم بۆ لەوەڕاندن تاوەکو قەڵەو بوو منیش دەمەوێت قازانجی لێ بکەم وەکو چۆن موسڵمانان قازانجی لێ دەکەن . ئیمامی عومەریش فەرمووی : ئەی عبداللە ی کوڕی عومەر سەرمایەکەت وەربگرە و قازانجەکەی بخەرە ( بيت المال ) ( داهاتی گشتی ) موسڵمانانەوە . ( أخبار عمر : ص ٣٩٣ ) .

٤ . لە قتادەوە ﵁ : موعەیقیب پاسەوان بوو لەسەر ( بيت المال ) ڕۆژێکیان گسکی دەدا درهەمێك دەدۆزێتەوە و دەیدا بە عبداللە ی کوڕی ئیمامی عومەر ، موعەیقیب دەفەرموێ دوایە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە ، یەکسەر ئیمامی عوممەر نێردراوێکی نارد بە دوامدا منیش چووم خزمەتی و بینیم درهەمەکە بەدەستیەوە بوو فەرمووی : ( ئەی هاوار لە تۆ موعەیقیب ! ئایە هۆیەکت هەیە خۆتی پێ ڕزگار بکەی ؟ یان ئەوە ماڵی من وتۆیە ؟ منیش ووتم : ئەوە چیە قوربان ؟ ئەویش فەرمووی : مەگەر دەتەوێ بمکەی بەدوژمنی تەواوی ئوممەتی موحممەد ﷺ لە ڕۆژی دوایدا . ( مناقب عمر ) .

خوێنەری بەڕێز : چەندەها نموونەی تر هەن لەم شێوەیە کە هەموویان شاهیدن لەسەر مێژووی پڕشنگداری ئیسلام وە دەبنە مایەی شانازی بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە لەهەر پلەیەکی وەزیفی کە دەست پاك و بەئەمەك بێت بۆ خاك و وڵات و داهاتی هاوڵاتیان ، سوێند بەخوا خواردنی یەك درهەم لە داهاتی خەڵك لەڕۆژی دوایی دا پرسیاری لە دوایە . دەبا ئەو کەسانەی کە پارەی خەڵك دەخۆن بەناحەق هەر لە ئێستاوە وەڵام حازر بکەن بۆ دادگایی ئەو ڕۆژە کە هیچ پارێزەرێکی لێ نیە هەرچی نهێنیشە ئاشکرا دەبێت .

**م پشتیوان محمد . دەرچووی عەربی**

## حوكمی سوێند خواردن بەغەیری خوا

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەوەیە كە هەموو شتێك موسڵمانان پێویستیان پێی هەبێ لەژیاندا چ لە دین و چ لە دونیاش بێت بۆیان ڕوونكراوەتەوە وە خوای گەورە پێغەمبەری ﷺ نەبردەوە بۆ لای خۆی تا هەموو دینەكەی پێ تەواو كرد هەر وەكو خوای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ﴾ ( سورة المائدة : ٣ ) ، واتە : ئەمڕۆ من دینەكەم بۆتان تەواو كرد و بەخششی خۆم تەواو ڕژاند بەسەرتاندا ، و ڕازی بووم كە ئیسلام ئاینی ئێوە بێت .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : (( قد تركتكم على البيضاء ليلها كنهارها لا يزيغ عنها بعدي إلا هالك )) ( السلسلة الصحيحة : ٩٣٧ ) ، واتە : جێتانم هێشتوە لەسەر دین و ڕێگایەكی ڕوونی سپی كە شەوی وەكو ڕۆژی ڕوناكە بۆیە هیچ كەسێ لێی لا نادات وگومڕا نابێت مەگەر كەسێكی بە هیلاك چوو .

بۆیە موسڵمانی بەڕێز یەكێك لە گەورەترین نیعمەتەكانی خوای گەورە كە بەسەرمانەوەیە نیعمەتی ئیسلامە بۆ ئەوەی ڕزگارمان بكات لە تاریكیەوە بۆ ڕووناكی لەبت پەرستی و شەخس پەرستیەوە بۆ تەنها خوا پەرستی و تەوحید ، لە بیدعەوە بۆ سوننەت ، بەڵام بەداخەوە زۆریش بەداخەوە زۆربەمان وەكو پێویست لە دینەكەمان تێنەگەیشتوین ، بگرە لەناو ئەو كەسانەی كە ئیددیعای بڵاوبوونەوەی دین دەكەن زۆر بڵاوە كە فەتوایان داوە و بەحەڵاڵیان داناوە بەوەی هاوار بكرێتە غەیری خوداو داوا لەغەیری خودا بكرێت ، بەداخەوە كە بەو شێوەیە خەڵكیان چەواشە كردووەو ڕێگا ڕاستەكەی ئیسلامیان ونكردووە ، بۆیە خوای گەورە سەبارەت بەو كەسانەی كە هاوار دەكەنە قەبرێك یاخود پێغەمبەرێك یاخود پیاو چاكێك دەفەرموێت : ﴿ وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ ﴾ ( المؤمنون : ١١٧ ) . ئا ئەمەیە پاداشتی ئەو كەسانەی كە هاوار دەكەنە غەیری خوا و دەیانبەنە ڕیزی خواوە ، بۆیە شیخ ( محمد بن صالح العثيمين ) ( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) دەفەرموێت : ئەگەر كەسی سوێند خۆر باوەڕی وابێت كە سوێند پێ خوراوەكە لەو پلەوپایەدا وەكو خوای گەورەیە ئەوە هاوبەش بڕیاردانی گەورەیە و پێی دەبێت بەموشریك كە خوای گەورە سەبارەت بەوكەسانەی كە هاوبەش بڕیار دەدەن دەفەرموێت : ﴿ وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ﴾ ( النساء : ٣٦ ) . واتە : خوا بپەرستن بەتەنها و هیچ شتێك مەكەن بەشەریكی .

جا گەورەترین شت كەخوا فەرمانی پێ كردوە یەكخوا پەرستیە وە گەورەترین شت كە خوا قەدەغەی كردوە شەریك بڕیاردانە بۆ خوای پەروەردگار ، ئەو خوایەی كە تۆی دروست كردوە ئەو خوایەی كە ڕزق وڕۆزی دەرە هەر ئەو خوایەشە كە بیسەری داواكانمانە وە تەواوكەری وتەكەی شیخ ( محمد صالح العثيمين ) ئەوەیە كە فەرموویەتی : بەڵام ئەگەر باوەڕی وانەبێت كە لە پلەوپایەدا وەكو خوای گەورەیە ئەمەیان هاوبەش بڕیاردانی بچوكە ، چونكە پێغەمبەری خوایش ﷺ دەفەرموێت : (( من حلف بغير الله فقد أشرك )) ( صحيح سنن أبي داود : ٣٢٥١ ) ، واتە : هەر كەسێك سوێند بخوات بە غەیری خوا ئەوا كوفری كردووە یاخود هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە .

بۆیە ئازیزانم خوشك وبرایانم با هەوڵدەین ئەو كوفرە لە سەر زمانمان نەهێڵین ، چونكە تاوانێكی گەورەیە بەهۆیەوە دەچینە دۆزەخ خوا پەنامان بدات وە كە دەڵێیت ئەمە شتێكە زۆر بەئاسانی وەرمان گرتوە ولەسەری ڕاهاتوین ئەم گومانە گومانی ئەو هاوبەش بڕیاردەرانەیە كە پێغەمبەرانیان بە درۆ دەخستەوە ودەیان ووت : (( ئێمە باوباپیرانی خۆمان لە سەر جۆرە پەرستنێك بینیوە وە ئێمە شوێنی شوێنەواری ئەوان دەكەوین !!! )) وە پێغەمبەری خواش ﷺ پێیانی فەرموو : (( ئەو دینەی كە من بۆتانم هێناوە لە لایەن خوای گەورەوە هیدایەت دەرتر و ڕێنمونی كار تر نییە لەوەی كە لە باوك وباپیرانتانەوە بۆتان بە جێ ماوە ؟! ئەوانیش لەوەڵامدا وتیان : ئەوەی كەتۆ هێناوتە وتۆی پێ نێردراوە ئێمە پێی كافرو بێ باوەڕین و بەرهەڵستی دەكەین .

بۆیە خوشك وبرا بەڕێزەكانم پێویستە بەرهەڵستی بكرێت لەهەركەسێك كە تەبەڕوك دەكات بە گۆڕ یاخود داوا دەكات لە گۆڕ یاخود هاوار دەبات بۆ پیاو چاكێك یاخود سوێند دەخوات بەغەیری خوا كە هەموو ئەمانە هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوای گەورە بۆیە دەبێت بۆیان ڕوون بكرێتەوە كەئەم كارانە

لە تاوانە گەورەکانە و لە سزای خوای گەورە رزگاریان نابێت بۆیە سوێند مەخۆ بە غەیری خوا با ئەوکەسەش پێغەمبەریش بێ ﷺ یاخود جبریل بوو یاخود مرۆڤ بێت ، سوێند مەخۆ بە هیچ کەس و شتێك جگە لە خوای گەورە بۆیە موسڵمانی بەرێز حەڵاڵ نییە بۆ هیچ کەسێك کە بەڵگە بۆ وتە بەتاڵەکەی بهێنێتەوە بەوەی کەباوك وباپیرانی لەسەر دیوە یاخود داب ونەریتی ئەو وایە . ئەگەر ئەم شتانە بکات بەبەڵگە ئەوا بەڵگەکانی لای خوای گەورە پوچەڵەو هیچ سودی پێ ناگەیەنێ وە ئەو کەسانەی کە توشی ئەم تاوانە بونە پێویستە لە سەریان تەوبە بکەن وبگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە و شوێنی حەق بکەون داب ونەریتی گەلەکەیان یاخود لۆمەی کەسە نەزانەکانیان وایان لێ نەکات کە حەق وەرنەگرن چونکە مرۆڤی باوەڕداری ڕاستەقینە ئەوەیە کە لۆمەی لۆمەکەران وبەربەستەکان نایگەڕێنێتەوە لەدینی خوا بۆیە موسڵمانی خۆشەویست هەوڵدە ئەم تاوانە لەسەر زمانت لابەرە چونکە هاوبەش بڕیاردانە وە هاوبەش بڕیاردانیش ترسناکییەکی زۆر گەورەیە هەرچەندە ئەگەر بچوکیش بێت ، هەروەکو شێخی ئیسلام ( ابن تيمية ) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێت : " هاوبەش بڕیاردان خوای گەورە لێی خۆش نابێ ئەگەر بچوکیش بێت " .

بۆیە لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە هەموو لایەکمان هیدایەت بدات بۆ سەر سوننەت وتەوحید . خوای گەورە هەمووڵایەك سەرکەوتوبکات بۆ هەموو شتێك کە ڕەزامەندی خۆی تێدا بێ وەبمان پارێزێ لەهەموو شتێك کە توڕەبوونی خۆی تێدا بێ ... وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

**هێرش عاصی.ك.پ.كەلار.بەشی جوگرافی**

## کاتێك سوار دەگلێت

کەس گومانی لەوەدا نیە کە بانگخوازیش بەشەرە وەك هەموو بەشەرەکانی تر ، غەفڵەت و بیرچوون ڕووی تێدەکات ، کەئەمەش هەر لە ئادەمەوە سەلامی خوای لێبێت هەیە ، خوای گەورە دەفەرمووێ : ﴿ وَلَقَدْ عَهِدْنَا إِلَى آدَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْمًا ﴾ ( طه : ١١٥ ) . هەروەها پێغەمبەر ﷺ لەم بارەیەوە دەفەرمووێت : (( كل بني آدم خطاء وخير الخطائين التوابون ))

( حسنه الألباني في صحيح الجامع : ٤٥١٥ ) .

ئەحمەد حەنزەڵە ڕۆژێك دەگریا ، ئەبوبەکر پرسی لەهۆی گریانەکەی ؟ ئەویش ووتی : کاتێ لای پێغەمبەر ﷺ دەبین دەگەینە دواپلەی ئیمان کە دەگەڕێینەوە ناو دونیا و ماڵ و منداڵ زۆر دائەبەزین ، ئەبوبەکریش ووتی : منیش هەروام با بچینە لای پێغەمبەر ﷺ کەچوونە لای و بۆیان باسکرد ، فەرمووی : (( بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە ، ئەگەر لەسەر ئەو حاڵەی لای من و لەسەر ئەو زیکرو هۆشیاری یە بەردەوام بن ، مەلائیکەتەکان تەوقەتان لەگەڵ دەکەن لەجێ و ڕێتان دا ، بەڵام دیارە ئەوە سیفەتی بەشەر نیە ، بۆیە سەعاتێك لەو بەرزییە و سەعاتێك لەو نزمیەدا دێن و دەچن : (( ولكن يا حنظلة ساعة وساعة ثلاث مرات )) ( مسلم ) .

دیارە بانگخوازی ئەمڕۆ لە هاوەڵان چاکتر نین ، کە تووشی گوناه و هەڵە بوون و تەوبەشیان کردووە ، تەنانەت ئەو ئافرەتەی کە تووشی زینا بوو ڕەجمکراو هەندێ لە هاوەڵان قسەیان پێ ووت ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : (( لقد تابت توبة لو قسمت بين سبعين من أهل المدينة لوسعتهم ، وهل وجدت توبة أفضل من أن جادت بنفسها لله تعالى )) ( مسلم ) .

گوناهکردنی بانگخواز هەرچۆنێ بێت ئاساییە ، چونکە گوناهکردن سیفەتی مرۆڤە ، بەڵام ئەوە ئاسایی نیە کە زوو پەشیمان نەبێتەوە و تەوبە نەکات .

قورئان باسی سیفاتی پارێزکار دەکات ، کەئەگەر تووشی گوناه و فاحیشە و زوڵمی نەفس بوو زوو یادەوەری وەردەگرێ ودێتەوە سەرخەت و تەوبە دەکات . سوورنیە لەسەر گوناه ، کەئەمەش کارێکی مەزن و گرنگە و بەهەشتی پێ وەردەگرێ .

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت : (( والذي نفسي بيده لو لم تذنبوا لذهب الله بكم ، وجاؤ بقوم يذنبون ، فيستغفرون الله تعالى ، فيغفر لهم )) ( مسلم ) .

جا گوناهکارانیش دوو جۆرن :

**یەکەم** : ئەو کەسانەیە کەبەعەمدی گوناه دەکەن وسوورن لە سەری ولەبەرچاوی خەڵکیش خۆیان بەباش نیشان دەدەن .

**دووەم** : ئەو کەسانەیە کەسوور نین لەسەر گوناهکردن و هەر زوو تەوبە دەکەن ، گوناهەکە وەك کێوێکە بەسەر دڵ و دەرونیانەوە وهەمیشە هەست بەپەشیمانی وشەرمەزاری دەکەن لەخزمەت خوای خۆیاندا وبەردەوامیش لۆمەی خۆیان دەکەن .

**عەلی عبداللە.ك.پ.چەمچەماڵ.دەروناسی**

## پەروەردەکردنی منداڵ بە پێی قورئان وسوننەت
## سۆز و بەزیی ( ١ )

منداڵ ڕۆڵێکی پەروردەیی گەورە و گرنگی هەیە ، لە بەر ئەوە پەیوندی و پەیوەست بونێکی دەروونی وگیانی لە نێوان منداڵان و دایك و باوك دروست دەکات ومنداڵان ئامۆژگارییەکانی دایك وباوکیان بە گرنگی وەردەگرن و لە ڕەفتاریاندا پێوەی پابەند دەبن .

زۆر فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ هاتووە ، کە پڕە لە دەربرینی سۆز وبەزی پێغەمبەر ﷺ بۆ منداڵان .

لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە رضي الله عنه دەفەرمووێت : (( ما رأيت أحدا كان أرحم بالعيال من رسول الله ﷺ )) ( أخرجه مسلم ، برقم : ٢٣١٦ ) ، واتە : هیچ کەسێکم نەدیووە وەك پێغەمبەری خوا ﷺ بە بەزیی تر بێت بۆ خێزان ومنداڵانی .

ڕواڵەتەکانی بەزیی دایك وباوك بەرامبەر منداڵەکانیان ژمارەیان زۆرە ، گرنگترنیان :

**١ . لە ئامێز گرتن وماچ کردن :**

هیچ کەسێك ناتوانی باسی ئەو بەختەوەریە گیانیە بکات کە منداڵ هەستی پێ دەکات کاتێك کە لە سەر ڕانی دایك وباوکیەتی ، کە گەمەی لەگەڵ دەکات وماچی دەکات ، لە بەر ئەوە پیغەمبەر ﷺ لە زۆر بۆنەدا مکوڕ ( سوربوە ) بووە لە سەر تێر کردن و بەجێهێنانی ئەم ئارەزوەی منداڵان .

جا لە پێغەمبەر ﷺ دەگێرنەوە کە ڕۆژێکیان پێغەمبەر ﷺ حەسەنی کوڕی علی رضي الله عنه ماچ کرد . جا ئەقرەعی کوری حابس گوتی : من (١٠) منداڵم هەیە هیچیانم ماچ نەکردووە . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : (( من لايرحم لايرحم )) ( البخاری ، برقم : ٥٩٩٧ ، و مسلم : ٢٣١٨ ) ، واتە : هەر کەسێك بەبەزیی نەبێت ، خوای پەروەردگار ڕەحمی لێناکات .

**٢ . دەست هێنان بەسەر سەر و گەمەکردن لە گەڵی :**

دەست هێنان بەسەر سەری منداڵ بە مەبەستی گەمە و یاری ، شادی و بەختەوەری بۆ منداڵ ، لەبەر ئەوە پێغەمبەر ﷺ لە زۆر بۆنەدا مکوڕ بووە لە سەر دەست هێنان بەسەر سەردا وەك ئەنەس گێڕاویەتەوە کە ووتوویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی ئەنساریەکانی دەکرد وسڵاوی لە منداڵەکانیانی دەکرد و دەستی بە سەر دا دەهینان . ( أخرجه النسائي : برقم ٨٣٤٩ ) .

عبدالله ی کوڕی جعفر رضي الله عنه ووتویەتی : (( پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی بە سەرمدا هێنا )) ( أخرجة الحاكم في المستدرك : ج ١ / ٣٧٢ ) .

**٣ . بە باشی پێشوازی کردنی منداڵان و بەباشی دواندنیان :**

منداڵان تەماشای ڕەفتاری گەورەکان دەکەن ، بەشێوەیەکی بەرچاو تێبینی کاردانەوەی کردارەکانی گەورەکان بەرامبەریان دەکەن ، کە ڕەنگە منداڵان ڕەچاوی نەکەن ، پێغەمبەری خوا ﷺ تأکیدی لە سەر گرنگیدان بە باشی پیشوازی کردنی منداڵان وپێك گەیشتنیان لە لایەنە جیاجیاکاند وەك :

ئەبو هوریرە رضي الله عنه گێراویەتیەوە کاتێ بەری میوە پێدەگەیشت پێغەمبەر ﷺ دەهات و دەیفەرموو : (( خوایە شارەکەمان پیرۆز بکەی ، خوایە بەرەکەت بخەیتە بەربوومەکان و کیشانەمان ، بەرەکەت لەگەڵ بەرکەت )) پاشان دەیدا بە بچوکترین کەس کە لەوەێ ئامادە دەبوو . ( أخرجه مسلم ، برقم : ١٣٧٣ ) .

لە جابرەوە رضي الله عنه گێراویەتیەوە کە گوتوویەتی : (( لە گەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بووین جا بانگێهیشت کراین بۆ نان خواردن ، لە ڕێگا حوسین لە گەڵ منداڵان یاری دەکرد پێغەمبەریش ﷺ لە پێش خەڵکەکە بە پەلە ڕۆیی وپاشان دەستی گرت و لێرە و لەوەێ ڕای دەکرد پێغەمبەری خوا ﷺ حوسینی بە پێکەنین دەهێنا هەتا گرتی و دەستێکی خستە چەناکەی و دەستەکەی تریشی لە نێوان سەری وگوێی ، پاشان لە ئامێزی گرت وماچی کرد پاشان فەرمووی : (( حسين مني وأنا منه ، أحب الله من أحبه ، الحسن والحسين سبطان من الاسباط )) ( أخرجه الترمذي : ٣٧٧٥ ، وابن ماجه برقم : ١٤٤ ) ، واتە : حوسین لە منە منیش لەوم ، ئەو کەسەی ئەوی خۆش دەوێ ، خوا خۆشی بوێ ، حسن وحوسین لە چاکە وخیردا ئوممەتێکن لە ئومەتەکان .

**٤ . لە خۆ گرتنەوە بۆ منداڵان :**

لە ڕواڵەتەکانی سۆز وبەزیی بۆ منداڵان ئەوەیە کە باوکان دەست لە زۆر پیداویستی خۆیان هەڵگرن و لە خۆیان بگرنەوە لە بەر منداڵان ، لە ئەنەسەوە رضي الله عنه گێڕاویەتیەوە کە ووتویەتی : ئافرەتێك هاتە لای دایکە عایشە ( ڕەزای خوای لێ بێت ) و سێ خورمای پێ بەخشی ، جا دایکەکە دوو منداڵی پێ بوو هەر منداڵێك خورمایەکی پێدا

وخورمایەکیشی بۆ خۆی هەڵگرت دوو منداڵەکە دوو خورماکەیان خواردو تەماشای دایکیان دەکرد ، دایکە کە خورماکەی کرد بە دوو لەت و هەر منداڵێ لەتێکی خورمای پێ بەخشین ، جا کە پێغەمبەر ﷺ هاتەوە ماڵ و دایکە عایشە هەواڵەکەی بۆ باس کرد . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : (( وما يعجبك من ذلك لقد رحمها الله برحمتها صبيتها )) ( أخرجه ابن اماجه برقم : ٣٦٦٨ ) ، واتە :چ شتێك لەمە سەرت سوڕدەمێنی بەهۆی بەزیی هاتنەوەی بە منداڵەکانی خوای گەورە ڕحمی پێ کرد .

**عبدالهادی قادر . کولیژی ئادابی خانقین**

## حوکمی جگەره کێشان و زیانەکانی

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ ﴾ ( الأعراف : ١٥٧ ) ، واتە : خوای گەورە شتە پاك و بەسودەکانی بۆ حەڵاڵ کردوون و شتە پیسەکان و زیان بەخشەکانی لێ قەدەغە و حەرام کردوون .

وە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ ﴾ ( البقرة : ١٩٥ ) ، واتە : بەدەستی خۆتان خۆتان مەخەنە مەترسیەوە .

وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : (( لاضرر ولا ضرار )) ، واتە : نە زیان لەخۆت بدە و نە لە خەڵکیش .

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بە پێی شەرعی ئیسلام جگەرەکێشان حەرامە ، چونکە خوای گەورە شتی پیس و زیانبەخشی لەسەرمان قەدەغە کردووە ، و جگەرەکێشان نەك تەنها بۆ جگەرە کێش بەڵکو بۆ دەوروبەرویشمان زیانبەخشە ... لێرەدا هەوڵ دەدەم بەویستی خوای گەورە چەند زیانێکی جگەرە کێشان بۆتان بخەمە ڕوو :

پێکهاتە و زیانەکانی جگەرە چیە ؟

لە شیکردنەوەی پزیشیدا دەرکەوتوە کە دووکەڵی یەك جگەرە پێکهاتوە لە :

١ . یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن co : کە گازێکی ژەهراوی بێ بۆن و بێ ڕەنگە .

٢ . دووەم ئۆکسیدی کاربۆن co2 : لەگەڵ یەکەم ئۆکسیدی کاربۆندا یەکدەگرن و دەبنەهۆی لەدەستدانی ئۆکسیجین لە سینگدا سەرەنجام دەبنەهۆی ژەهراویبونی لەش .

٣ . ئەمۆنیا .

٤ . ترشی کاربۆلیك .

٥ . گازی گۆگردی هایدرۆجین .

٦ . زەرنیخ .

٧ . نیترۆبیریدین : ماددەیەکی سەرەکیە بۆ توشبون بە شێرپەنجە .

٨ . تار ( قەتران ) ڕەنگێکی قاوەیی خەست دەدات بە جگەرە کە دەبێتەهۆی شێرپەنجەی سینگ .

٩ . نیکۆتین : کە زیانێکی زۆری هەیە لەسەر سوڕی خوێن لەناو لەشدا و ماددەیەکی ترسناکە .

برای بەڕیزم ئەوخاڵانەی کە باسمان کرد تەنها لە دووکەڵی یەك جگەرەدا هەبوو وە هەموشیان ماددەی زیان بەخشن بۆ سەر مرۆڤ و تەندروستی مرۆڤ . ئاخۆ ئا ئەو کەسانەی کە بە بەردەوامی جگەرە دەکێشن !!! بەڕاستی ئەوانە بەدەستی خۆیان خۆیان لەناو دەبەن !!!!

وە هەروەها . جگەرە . هۆکارێکە بۆ توشبوون بە نەخۆشی سیل Tuberculosis ، وە نەخۆشیەکانی دڵ وەکو دڵە کوتێ rrhythmia .

وە لەڕووی دەروونیەوە کەسی توشبوو ناتوانێت بە ئاسانی وازی لێبێنێت ، چونکە هەموو جەستەی داوای دەکات و لەگەڵی ڕاهاتووە هەربۆیە کەسی توشبوو ڕەفتاری تێکدەچێت و بە بەردەوامی تورە دەبێت وە توشی دڵە ڕاوکێ دەبێت !!!

گرنگترین چارەسەر ئەوەیە کە باوەڕت بەخۆت هەبێت و داوای یارمەتی لە خوای گەورە بکەیت کەوا کارەکەت بۆ ئاسان بکات بۆ ئەوەی واز لەو شتە حەرام وناشرینە بێنیت .

**خالد حسین .ك. پزیشکی ڤێتیرنەری سلێمانی**

## فەزل و گەورەیی چەند ئایەت و سورەتێکی قورئان

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على محمد وعلى آله وصحبه ، ومن دعا بدعوته إلى يوم الدين ... أما بعد :

برا و خوشکانی شەیدای قورئانی پیروز وەك دەزانن قورئان وتەی خوای بڵند و باڵادەست و میهرەبانە ، خوی بۆ خوی لەخزمەت وتەی خوادا تاموچێژێکی تایبەتی خوی هەیە ، بویە خوای گەورە چاکەی زۆری لە گەڵ ئادەمیزاد کردووە بەگشتی و وە لەگەڵ برواداران بەتایبەتی ، بەوەی کە هەرچی خێر وخۆشی و چاکەیە بۆ مرۆڤی فەراهەم هێناوە ، وە مرۆڤی لە سەر زەوی کردوە بە جێنشینی یەکتر ، بەشێوەیەك کە ئەگەر بێت و چاکەکانی خوا بژمێرین بۆمان لە ژمارە نایەن .

وە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا کە دواهەمین بەرنامەیە بۆ مرۆڤایەتی ناردوە ، هانی مرۆڤی داوە کە بەدوا زانست و زانیاریدا بگەرێ و بەپێی ئەو قورئانە ڕێبازی ژیانی بۆ خوی دیاری بکات لەسەر بنەمای زانست و بەرچاو ڕوونی ، بۆیە من لێرەدا نامەوێت درێژەی پێ بدەم دەمەوێت برۆمە سەر ئەصلی بابەتەکە کە ئەویش : خویندنی قورئانی پیرۆزە ، کە ئەویش لەسەر هەموو موسوڵمانێکی خوێندەوار واجبە بەهەردوو ڕەگەزەوە ، بەڵام بە داخ و ئەسەفێکی زۆرەوە ئەوەی لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا کرنگی پێ نەدرێ ئە و قورئانە پیرۆزەیە لەلای هەموان بەگشتی لەلای موسوڵمانان بەتایبەتی ، بۆیە خۆشەویستان ئەگەر تاوەکو ئێستا کەمتەرخەمبوین بەرامبەر خوێندنی قورئان هەر لە ئێستاوە بەڵێن بدەین بەخوای هەمیشە بەسۆز چیتر بێ ئاگا نەبین لە فەرمایشتە جوانەکانی ( إن شاء الله ) ، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ ئەم قورئانە شیفا و ڕەحمەتە بۆ ئیمانداران بەڵام بۆ کافران جگە لەخەسارۆمەندی و زیان هیچی تریان بۆ زیاد نابێ ، بۆیە پێغەمبە ری خوا ﷺ دەفەرموێ : باشترینتان ئەو کەسەیە کە قورئان فێردەبێ و کەسانی تریش فێردەکات ، هەر بۆیە یەکێك لەهۆکارەکانی خۆشویستنی بەندە بۆ پەروەردگار خوێندنی قورئانی پیرۆزە .

بە پشتیوانی خوای گەورە باسی خوێندنی چەند سورەت و ئایەتێك دەکەین لە قورئان کە مرۆڤی باوەردار بیانخوێنێت خێر و پاداشتێکی زۆری دەست دەکەوێت و پێی لە خوای گەورە نزیك دەکەوێتەوە .

لە ( عبدالله ) کوری ( مسعود ) وە رضي الله عنه دەگێرنەوە ئەویش لە پێغەمبەری ئازیزمانەوە ﷺ کە فەرمویەتی : (( من قرأ حرفا من كتاب الله فله حسنة ، والحسنة بعشر أمثالها ، لا أقول الم حرف ، بل ألف حرف ولام حرف وميم حرف )) ( رواه الترمذي وقال حديث حسن صحيح ) ، واتە : هەرکەسێك پیتێ لە قورئان بخوێنێ چاکەیەکی بۆ دەنوسرێت ، چاکەش بە دە ئەوەندەی خۆیەتی ، ناڵێم ( الم ) پیتێکە ، بەڵکو ئەلیف پیتێکە و لام پیتێکە و میم پیتێکە .

لە ( عقبة ) ی کوری ( عامر ) رضي الله عنه فەرموویەتی : (( خرج رسول الله ﷺ و نحن في الصفة فقال : أيكم يحب أن يغدو كل يوم إلى بطحان أو إلى العقيقة ؟ فيأتي بناقتين كوماوين في غير إثم ولا قطع رحم ، فقلنا يا رسول الله نحب ذلك ، قال ﷺ : أفلا يغدو أحدكم إلى مسجد فيعلم أو يقرأ آيتين من كتاب الله عزوجل خير له من ناقتين ، و ثلاث خير له من ثلاث و أربع خير له من أربع ومن أعداهن من الأبل ... )) ( ؟؟؟؟؟ ) ، واتە : لە کاتێکدا ئێمە لە هەیوانی مزگەوتەکەدا بووین پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هات و فەرمووی : کام لە ئێوە حەزدەکات کە هەموو ڕۆژێك سەر لە بەیانی بچێت بۆ بەتحان یان عقیق و دوو وشتری سەر کۆپارەی قەڵەوی پێببێت بێئەوەی گوناهبار بێت یان دڵی هیچ خزمێکی لێ بهێشێت ؟ وتمان هەموومان حەز بەوە دەکەین ، فەرمووی ئەی ناکرێت هەریەك لە ئێوە سەر لە بەیانی بڕوات بۆ مزگەوت دوو ئایەت لە قوڕئان فێربێت یان بیخوێنێت کە باشترە لە دوو وشتری مێ وە سیانیش باشترە بۆی لە سیان وە چواریش باشترە بۆی لە چوار بەپێی ژمارەی ئایەتەکان . چەند ئایەت بخوێنرێت باشترە لەو ئەوەندە وشترە .

باسی خێری خوێندنی چەند سورەت و ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەکەین کە مرۆڤی ئیماندار بیانخوێنێت بە بیروباوەڕێکی تەواو و لە ماناکەیان بگات و ڕەفتاریان پێبکات ، ئەو مرۆڤە دەیسەلمێنێ کە خوای گەورەی خۆشدەوێت و پێیان دەبێتە خۆشەویستی خوای پەروەردگار .

**١ ـ گەورەیی سورەتی ( الفاتحة )** : ئیبنو عەباس رضي الله عنه دەڵێت : لە کاتێکد جبریل رضي الله عنه لای پێغەمبەری خوا دانیشتبو گوێی لە جیڕەیەك بوو لە ژوور سەریەوە ، سەری بەرز کردەوە فەرمووی ئەوە دەرگای ئاسمان بوو کرایەوە جگە لە ئەمرۆ هەرگیز نەکراوەتەوە فریشتەیەکی لێ هاتەخوارەوە . فەرمووی ئەو فریشتەیە کە دابەزیوەتە سەر زەوی هەرگیز دانەبەزیوە ئەمڕۆ نەبێت ، سەلامی کردو ووتی : مژدە بێت دوو ڕوناکیت پێ خەڵات کراوە کە بە هیچ پێغەمبەرێکی پێش تۆ خەڵات نەکراوە : سورەتی فاتیحە و کۆتایی سورەتی بەقەرەیە ، هەر پیتێك لە

هەرکامیان بخوێندرێت هەر داخوازیەکی تێدا بێت خوا پێی دەبەخشێت .

٢ . **گەورەیی ( آیة الکرسي )** : ئوبەی کوڕی کەعب ﵁ دەفەرمووێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : ئەی ئەبوو مونزر دەزانی چ ئایەتێك لە کتێبی خوای باڵا دەست لە هەموان گەورەترە ؟ ئەویش دەڵێ وتم : خوا و پێغەمبەری خوا زاناترن ، فەرمووی : ئەی ئەبوو مونزر دەزانی چ ئایەتێك کە لە خزمەتیدای لەکتێبی خوای باڵادەست لە هەموان گەورەترە ؟ دەڵێت ووتم : ﴿ الله لا إله إلا هو الحي القيوم ﴾ ، دەڵێت دەستیدا بەسنگمدا و فەرمووی بەخوا پێکاوتە زانست وزانیاریت لێپیرۆز بێت ئەی ئەبوو مونزر .

٣ . **سورەتی ( البقرة و آل عمران )** : ئەبوو ئومامەی باهیلی ﵁ دەفەرمووێت : گوێم لە پێغەمبەری خوا بووە ﷺ کە فەرموویەتی قورئان بخوێنن چونکە لە ڕۆژی قیامەتدا دێت و تکا دەکات بۆ خاوەنەکەی هەردوو گوڵ ڕەنگەکە بخوێنن : ﴿ البقرة ﴾ ، و ﴿ آل عمران ﴾ ، چونکە ئەو دوانە لە ڕۆژی دوایدا وەك دوو پەڵە هەور یان وەك دوو سێبەر یاخود وەکو دوو پۆل باڵندە کە باڵیان لێك کردۆتەوە لە ئاسمانەوە دێن و بەرگری لە خاوەنەکانیان دەکەن ، سورەتی بقرە بخوێنن چونکە خوێندنی پیت و بەرەکەتەو واز لێهێنانی مایەی پەشیمانی و خەفەتە ، کەسانی بێورە و کەمتەرخەم پێی ناوێرن ، موعاویە دەڵێ پێم گەیشتووە کەسانی بێ وورە ( مەبەستی جادوو گەرانە ) .

٤ . **کۆتاییەکانی سورەتی ( البقرة )** : ئیبن مەسعود ﵁ دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : هەرکەسێك ئەو دوو ئایەتەی کۆتایی سورەتی ( البقرة ) لە شەوێکدا بخوێنێ بەسیەتی .

٥ . **گەورەیی سورەتی کهف** : ئەبوو دەردا ﵁ فەرموویەتی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی هەر کەسێك (١٠) ئایەت لە سەرەتای سورەتی کهف لەبەر بکات لە فیتنەی دەجال دەپارێزرێت ... لە ڕیوایەتێکی تردا وتراوە کۆتایی سورەتەکە .

٦ . **گەورەیی خوێندنی سورەتی ( الناس و الفلق )** : عوقبەی کوڕی عامر ﵁ دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ئایا نازانیت ئەمشەو چەند ئایەتێك دابەزیوە هەرگیز وێنەیان نەبینراوە کە ئەوانیش بریتین لە ﴿قل أعوذ برب الفلق﴾ و﴿قل أعوذ برب الناس﴾.

٧ . **گەورەیی خوێندنی : ﴿قل هو الله أحد﴾** : ئەبو دەردا ﵁ دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ئایا هیچ کام لە ئێوە ناتوانێت سێ یەکی قورئان بخوێنێت لەشەوێکدا ؟ وتیان چا سێ یەکی قورئان چۆن دەخوێندرێت ؟ فەرمووی : ﴿قل هو الله أحد﴾ لەجێگای سێ یەکی قورئانە (البخاري:فضائل القرآن :٤٧٢٧) .

عائیشە . ڕەزای خوای لێبێت . دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێکی کرد بە فەرماندەی هێزێك ئەو پیاوە لەگەڵ هاوەڵاندا کە نوێژی دەکرد لە قورئان خوێندنەکەدا : ﴿ قل هو الله أحد ﴾ ی دەخوێند تاکۆتایی پێدەهێنا ، کاتێك گەڕانەوە ئەوەیان لە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ باسکرد ، ئەویش فەرمووی : لێی بپرسن بۆچی وادەکات ؟ ئەوانیش لێیان پرسی ، ئەویش ووتی : لەبەر ئەوەی کە سیفەتی خوای بەخشندەیە منیش حەزدەکەم بیخوێنم ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی خەبەری پێبدەن کە خواش ئەوی خۆشدەوێت . ( البخاري : التوحيد : ٦٩٤٠ ) .

بۆیە خۆشەویستان لەڕێگەی قورئان خوێندنەوە و ووردبونەوە لەماناکەی و کردارپێکردنی بێگومان دەگەینە پلە وپایەیەکی بەرز لای خوای گەورە و وە لەڕاستی و حقیقەتی ژیان باشتر تێدەگەین و وامان لێدەکات خوای خومان باشتر بناسین وە لە دەور و بەرمان ئاگادار بین کێ بەرنامەی ڕاستی پێیەو کێش مەبەستی چەواشەکردنی مرۆڤە ، هەروەهاش دەگەین بەخۆشەویستی خوا خۆشەویستی خواش لە ناودڵ و دەرونمان زیاتردەبێت و وامان لێدەکات لەکردار و گوفتارمان ڕەنگ بداتەوە و بەراستی ئەوەش سەرفەرازی و سەرکەوتنێکی گەورەیە . هەر بۆیە ئیبن تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت : بەراستی لەدونیادا بەهەشتێك هەیە هەرکەس نەچێتە ناوی ناچێتە ناو بەهەشتی هەمیشەیی ، وتیان چۆن ؟ وتی : بەهەشتی ناسیتی خوا و خۆشەویستی خوا .

ئازیزان لە کۆتایدا دەڵێم با هەمووومان هەوڵ بدەین کتێبە بەپێزەکەی خوای گەورە فێرببین وە سودێکمان هەبێ بۆ دەور و بەرەکەی خۆمان . بۆیە هیوادارم ( إن شاء الله ) سودێکم بەخۆم وئێوەی خۆشەویست گەیاندبێت ، خوایە گیان قورئان بکە بە بەهاری دڵانمان و چرای تاریکیمان ، خوایە گیان بەپێی کردەوەکانمان لەگەڵماندا مەکە چونکە ئێمە بەندەیەکی تاوان بارین بەڵکو بەپێی لوتف و کەرەمی خۆت لەگەڵماندا بکە ، دەسا خوایە گیان لێمان خۆشبە و بمانکە بەخۆشەویستی خۆت ، وە بەختەوەرمان بکە هەم لە دونیادا و هەم لەڕۆژی دوایدا ، خوایە گیان زیاتر ڕێنمونیمان بکە بۆ ڕێگە ڕاستەکەت ... آمین ... وآخر دعوانا أن الحمد الله رب العالمين .

**ئاسۆ محمود . ك . ئابوری . ز . سلیمانی**

## پارە پەیداکردن ، بە کەلامی خوا !!

خوێنەران و شەیدایانی ( زانست ) ی سەنگین ، وەکو هەموومان دەزانین خوای گەورە ئەم دینەی بۆمان تەواو کردووە ، وە بەجێی هێشتووین ، لەسەر ڕاستەڕێیەکی ڕۆشن ، کە شەوەکەی وەکو ڕۆژەکەی وایە . مەگەر کابرا بە هیلاك چوویێت ، دەنا لێی لاڕێ نابێت ! دیارە لەم سەردەمانەی دواییدا ، داهێنان کاری لەناو دیندا دەستی پێکرد ، وە پەردەپۆشیش کراوە ، بۆیە خەڵکانێك کە کەودەن و نەزانن ، یا دەشزانن چ باسە ، بەڵام مەصڵەحەتەکەیان لەوەدایە !! بە باشیان داناوە ، وە خستوشیانەتە پێش ڕێنومایی نەبەوەی ! وە ڕازیبوون بیدعە وداهێنانکاری ببێتە ڕێچکە و پیشەیان ، تا بەرەو هەڵدێری زۆر ڕاپێچی کردوون ! لە هەموو ئەو گومڕا و نەزانکارانەش ترسناکتر ، ئەوصوّفیانەن ، وە هەرکەسێکی تریش کە بەناوی دینەوە ، خەڵك پەلکێشی سەرلێشێوان و گومڕایی بکات ، ئەوە ترسناك و گومڕایە ، وە جێگەی قەبوڵ کردنیش نیە ، وە پێویستیشە بەرگری لە ئیسلام بکرێت ، و بەرپەرچیش بدرێتەوە ، بۆ پاراستنی ڕووی گەشی ئیسلام ، و پارێزراو بوونی خەڵکی سادە و ساکاریش ، کە ئەوانەش هەموو تاقم و پێڕە بیدعە چیەکان دەگرێتەوە ، خوا پەنامان بدات ! کە بوختان و درۆیان بۆ ئەو دینە هەڵبەستوە ، وە دەستێکی درێژ و خەراپیان لە دژایەتی ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ ، و بڵاوە پێکردنی بیدعە هەیە ! یەکێك لەو بیدعانە ، بیدعەی پێشکەشکردنی پاداشتی قورئان خوێندنە بۆ مردوو !!!

پرسیار : ئایا پاداشتی خوێندنی قورئان بە مردوو دەگات ؟ وەك جۆرەکانی تری لێ نزیك بوونەوە ؟ جا لە منداڵەکانیەوە بێت ، یا جگە لەوانیش ؟

وەڵام : لەوەی کە دەیزانین ، جێگر نەبووە لە پێغەمبەر ﷺ ، کە قورئانی خوێندبێت ، وپاداشتەکەشی پێشکەشی مردووان کردبێت ، جا خزمی بووبن ، یا جگە لەوانیش ، خۆ ئەگەر پاداشتیان پێ بگەیشتبا ، ئەوا پێغەمبەر ﷺ ، سوورتر دەبوو لەسەر کردنی ، وە بۆ گەلەکەشی ڕوون دەکردەوە ، تا مردووەکانیان سودمەند کەن ، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر . صەڵات وسەلامی خوای لەسەربێت . لەگەڵ ئیماندااران بەسۆز و میهرەبانە ، دوای ویش جێنشینە ڕێنومایی کراوەکان ، وە هەموو هاوەڵەکانیشی لەسەر ئەوە بەردەوام بوونە ، وە نەشمان زانیوە یەکێکیان پاداشتی قورئان خوێندنەکەی دابێتە کەسێکی تر ! هەموو خێرێکیش لەشوێن کەوتنی پێغەمبەر ﷺ ، و جێنشینە هیدایەت دراوەکانی و سەرجەم هاوەڵەکانی دایە ﷺ بە پێچەوانەشەوە : گشت شەڕو خراپەیەك لە شوێنکەوتنی بیدعە ، و کارە داهێندراوەکاندایە ، ئەمەش لەبەر وریاکردنەوەی پێغەمبەر ﷺ ، کە فەرموویەتی : (( إيّاكم ومحدثات الأمور ، فإنّ كلّ محدثة بدعة ، وكلّ بدعة ضلالة )) ( صحيح الترغيب والترهيب : ١ / ١٠ ) . وە فەرموویەتی : (( مَنْ أحْدث في أمْرنا هذا ما لَيْس منْه فهو ردٌّ )) ( متفق عليه ) .

لەسەر ئەوە : خوێندنی قورئان بۆ مردوو دروست نی یە ! وە پاداشتی ئەو خوێندنەشی پێ ناگات ، بەڵکو ئەوە بیدعەیە !

دیارە ( فاتحە )ش هەروایە خوێندنی بۆ مردوو دروست نی یە ! بەڵکو کەسێك کە دڵسۆزە بۆ مردووەکە ، دەتوانی ئەو دوعایانە بخوێنێت ، کە پێشەواکەیان ﷺ ، خوێندونی ـ.. بەڵام جۆرەکانی تری نزیك بونەوە ، ئەوەی بەڵگەی دروستی لەسەربێت ، لەوەی پاداشتەکە بە مردوو دەگات ، پێویستە قەبوڵ بکرێت ، وەکو : صەدەقە لە بری کردن ، وە دوعا بۆ کردنی . نەك لێی بپاڕێیەوە . چونکە کوفرە ، وتاوانە ، وشەریك بۆ خوا قەرار دانە . وە حەج لەبری کردن ، خۆ ئەوەش کە بەڵگەی لەسەر نەبێت ، شەرعی نی یە ، و نادروستە ! تا بەڵگە دەبێت لەسەری .

کەوایە : قورئان خوێندن بۆ مردوو دروست نی یە ، وە پاداشتەکەشی پێ ناگات ، لە بۆچونی پەسەندی زانایان ، بەڵکو بیدعەشە ! ( فتاوى اللجنة الدّائمة ، للبحوث العلمية والإفتاء ، بالمملكة العربيّة السّعودية : فتوى رقم : ٢٢٣٢ ) .

دەی توخوا خوێنەرانی هۆشیار ، ئەگەر خودی ئیشەکە بێت وابێت ، کە بەپارەش نی یە ، کەچی بەندە لەسەری قەرزاریش دەبێتەوە ، واتە : گوناهباریش دەبێت !! ئەی ئەو برادەرانەی کە بە چەند درهەمێك پارە قورئان دەخوێنن ، و لە گۆڕستانەکان دێن و دەچن ، تا کەسێك تەکلیفیان لێ بکات ، بۆ ئەوەی قورئان بۆ مردووەکەی بخوێنن ، یاخود حەبلێکی پێ یە ، و گرێ گرێ بە حیساب کە دەیکاتەوە ،

مانای وابێت ئەوە خەتمێکە ، و خەڵاتی فلان مردووەی دەکا !! یاخود کارتێك دروست دەکا ، وناوی خۆی و ڕەقەم و شوێنەکەشی لەسەر نوسراوە ، کە هەیانە : ئافرەتیشە ، و ئەوە ئیشەکەیەتی ، . قورئان خوێن فلان . ! دەبێت کارەکەیان چۆن بێت ؟ کە چی پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموویت : (( إقرءوا القرآن و اعملوا به و لا تجفوا عنه و لا تغلوا فيه و لا تأكلوا به و لا تستكثروا به )) !! ( الجامع الصغير : ١ / ٢٠٥ ) .

**جیهاد قادر عەلی . دەرچووی عەرەبی**

## گەورەیی خوا لەدرووست کراوەکانی دا

خانە : یەکەی پێکهێنان و بەردی بناغەی جیهانی جەستەی هەموو زیندەوەران و ڕووەکە . خانە پێکهاتووە لەگرووپێ پرۆتۆپلازم کەبە پەردەیەك داپۆشراوە وەك ژوورێك وایە ، ئەو پەردەیە ڕێگە دەدات بەدەرو ژووری پێویستیەکانی خانە و بەرگری لە نەیارەکانی دەکات ، لەناو ژووری خانەدا شلەیەك هەیە کە پێکهاتەکەی بریتی یە لە : ڕایبۆسۆمەکانی سەر تۆرە ئەندرۆ پلازمیەکان ، مایتۆ کۆندریۆم " کە هەریەکەیان ( ١٥٠٠ ) بەش لەبەشەکانی کارلێکی کیمیاوی ( ئەنزایم ) ی تێدایە کە ووزە بەرهەم دەهێنێت ، تەنەکانی گۆلجی ، ناوکۆکە ، پەردەی ناوکۆکە ، تۆڕی کرۆماتینی ، سایتۆپلازم ...

گەورەترین موعجیزەیەك کە لەناو خانەی مرۆڤدا دۆزرابێتەوە گەردیلە (DNA) کانی کەوەك کۆیل پێچراونەتەوە هەر خانەیەك هەزاران لەو گەردیلانەی تیدایە و درێژی هەر یەکەیان لەباڵای مرۆڤێکی ئاسایی درێژترن .

زانایانی خانە ناسی دەڵێن : گەر هەموو ئەو گەردیلانەی کەوان لەلەشی مرۆڤێکدا بیانکەینەوە و بیانخەینە سەر یەك درێژیەکەیان (٤٠٠) جار زیاترە لەماوەی نێوان خۆرو زەوی " واتا : ( ٩٣٠٠٠٠٠٠ و ٤٠٠ ) سی و حەوت ملیار و دوو سەد هەزار ملیوێن میل درێژیەکەی دەبێت وە ئەم گەردیلانە کاری گواستنەوەی سیفەتە بۆماوەکانە و نەخشەی تەواوی نەوەی نوێیان پێ یە .

زاناکان دەڵێن : ئەو گەردیلانەی (DNA) کەتەنها لەیەك خانەی لەشی مرۆڤدا هەن ئەوەندەی بابەتێکی گەورەی ئەو تۆ زانیاری دەربارەی بۆماوە و پێکهاتە و تایبەتمەندیەکانی نەوەی نوێی مرۆڤی پێیە و تێدایە کەپێك هاتبێ لە (٤٦) چل وشەش بەرگ ( مجلد ) وە هەر بەرگێکیش ( ٢٠٠٠٠ ) بیست هەزار لاپەرە بێت جێگەی خۆیەتی سەری کڕنۆش دانێین بۆ بەدیهێنەر و چاودێری ئەم گەردوونە بچوکەی قەبارەی خانە .

خانەی هەرجۆرە زیندەوەروو ڕوەکیك قەبارەو کێشی جیاوازە ، بۆ نمونە ئەوخانە ( تۆو ) ەی کەمرۆڤی لێ دروست دەبێت کێشەکەی ( ٩ بۆ ١٠ ) یەك لەسەر ملیاری گرامێکە ، خانە پێکهاتووە لە : ناوك ( کاکڵە ) " لێرەشدا (٢٣) بیست وسێ جوت کرۆمۆسۆمی هەیە لەهەر کرۆمۆسۆمێکدا (٢٥٠٠) دووهەزار و پێنج سەد جین هەیە وە لەهەر جینێکدا (٣٠) ملیون گەردیلەی ( الجزئ ) هەیە ، واتە " یەك خانە پێکهاتووە لە ( ٣٤،٥ ) سی و چوار بلیۆن ونیو گەردیلە ، لە کاتێکدا قەبارەی خانە لە ( ١٥ بۆ ٢٠ ) مایکرۆنە ، مایکرۆن = ١ / ١٠٠٠ یەك لەسەر هەزاری ملیمێکە ، وە کێشی خانە ( ٩ بۆ ١٠ ) گرامە ، واتا : یەك لەسەر ملیاردی گرامێکە ، واتە جەستەی مرۆڤ تێکرا پێکهاتووە لە ( ١٠ توان ٣٠ ) گەردیلە واتا ژمارە ١٠ بە سی سفرەوە ...

زانایەك سەبارەت بەژمارەی گەردیلەکان دەڵێت گەر مرۆڤێك بیەوێت لەیەك چرکەدا یەك گەردیلەی جەستەی خۆی بژمێرێت ، پێویسی بە (١٤) سەنکلیون ساڵ هەیە ، واتا ژمارە (١٤) بە (٣٠) سفرەوە .

نمونەی دووەم : گەر لە هەر چرکەیەکدا (١) ملیۆن گەردیلەی ( الجزئ ) بکەینە ناو پەرداخێکەوە بۆ پڕبوونی ئەو پەرداخە پێویستمان بە (١٠٠) سەد ملیۆن ساڵ هەیە ، بچوکترین بەردی بناغەی زیندەوەران خانەیە " زاناکان دەڵێن ژمارەی خانەکانی جەستەی مرۆڤ (١٠) ملیۆن ملیار خانەیە ) واتا ژمارە (١٠) بە پانزە سفرەوە ، کەواتە باڵەخانەی جەستەی مرۆڤ لەو ژمارە خشتانە پێکهاتووە بۆیە خوای گەورە دەفەرمویت : ﴿ وَفِي أَنفُسِكُم أَفَلا تُبْصِرُون ﴾ واتە : ئایا لەخودی خۆتاندا هیچ نابینن " کە مەبەست پێی گەورەیی دەسەڵاتی خوای پەروەردگارە " سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان کەمرۆڤی لەو ژمارە زۆرەی خانە دروست کردووە وەهەر یەکەشیان فرمانی تایبەتی بەجێ دەهێنن .

**هەڵمەت صلاح الدین.ك.پ.کەلار.بەشی بایۆ لۆجی**

## ئارامگرتن لەسەر بەڵا و موسیبەت

الحمد لله رب العامين ، والصلاة والسلام على رسول الله الأمين ، و على آله وصحبه أجمعين ، أما بعـــد ، موسڵمانی خواناس ئەم خاڵانەی خوارەوە لە باس و پرسی ( **ئارامگرتن لەسەر بەڵا و موسیبەت** ) دا ڕەچاوبکە :

**یەکەم :** دەستەکەوتنی ئەجر و پاداشت .

**دووەم :** لێخۆشبوون و سڕینەوەی تاوان .

**سێیەم :** ڕازی بوون بە قەدەری خوای گەورە .

**چوارەم :** دەبێت حەقی خوا بدەیت لەسەر ئەو بەڵایە ، وە واجبە لەسەرت کە سەبر وئارامت هەبێت : ئارامگرتن وڕازیبوون واجبە لەسەرت بۆ ئەوەی حەقی خوا بدەیت وە بەندایەتی خۆت بسەلمێنێت لەو بەڵایەدا ، پێویستە لەسەری ئەم حەقە بەجێ بهێنێت ، ئەگینا بەڵاکەی لەسەر قورستر دەبێت .

**پێنجەم :** ئەوە بزانە کە ئەو بەڵایەی تووشت بووە بە هۆی گوناهی خۆتەوە بووە : هەروەکو خوای گەورە دەفەرموویت : ﴿ وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ ﴾ ( الشورى : ٣٠ ) ، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو بەڵایەکی بچوك و گەورە ، بۆیە دەبێت تەوبە بکات و داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکات ، بە (( ووتنی أستغفر الله )) ، چونکە داوای لێخۆشبوون کردن گەورەترین هۆکارە بۆ لابردنی بەڵاو موسیبەت ، هەروەکو ( علي ) کوڕی ( أبو طالب ) فەرموویەتی : (( ما نزل بلاء إلاّ بذنب ولا رُفِع بلاءٌ إلاّ بتوبة )) ، واتە : هیچ بەڵایەك دانەبەزیوە ئیلا بە هۆی گوناهەوە نەبێت ، وە هیچ بەڵایەکیش لاناچێت ئیلا بە تەوبە نەبێت .

**شەشەم :** دەبێ بزانیت کە خوای گەورە ڕازیبووە بەوەی کە بۆ تۆی داناوە و دیاری کردووە ، وە نیشانەی بەندایەتی ( العبودية ) ئەوەیە کە ڕازیی بیت بەوەی کە خوای گەورە بۆ تۆ ڕازی بووە ، ئەگەر مافی ئەم پلەیەی نەدا ئەوە لەبەر لاوازی خۆیەتی ، پاشان دادەبەزی بۆ پلەی ( الصبر ) ئارامگرتن لەسەری ، ئەگەر لەم پلەیە دابەزی ئەوا دادەبەزیت بۆ پلەی زوڵم کردن و سەرپێچی کردنی خوای گەورە .

**حەوتەم :** بزانێت ئەم بەڵایە دەرمانێکی چارەسەرکەرە کە زاتێکی زانا و بەڕەحم بۆی دیاری کردووە ، کەواتە ئارام بگرێت لەسەر چەشتنی ، وە خۆی نەڕژێنێتەوە بە تووڕەبوون زۆر و سکاڵا کردن هەتاکو سوودەکەی بڕوات .

**هەشتەم :** وە بزانیت کە دەرئەنجامی ئەم دەرمانە بریتیە لە شیفا و تەندروستی چاك و سەلامەتی و نەمانی ئێش و ئازار ، وە ئەگەر تەماشای سەختی و تاڵی ئەو دەردەی کرد ئەوا با تەماشای دەرئەنجام و چاکی کاریگەری دەرمانەکە بکات ، خوای گەورە دەفەرموویت : ﴿ عَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰ ﴾ ( البقرة : ٢١٦ ) .

وە فەرموویەتی : ﴿ فَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴾ ( النساء : ١٩ ) .

**نۆیەم :** ئەوە بزانیت کە ئەو بەڵایەی بۆ ئەوە بەسەری نەهاتووە کە بیکوژێت و لەناوی بدات ، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە لەسەر سەبر و ئارامگرتن تاقی بکاتەوە ،پاشان دەردەکەوێت ئایا بەندەیەکە دەستدەدات بۆ ئەوەی ببێت بە پیاوچاکانی خودا یان نە ؟ ئەگەر سەبر و ئارامی گرت ئەو خودا هەڵیدەبژێرێت ، پۆشاکی ڕێزگرتن وچاکە کاری لەبەر دەکات ، وە ئەو پلەیەی پێدەبەخشێ ، بەڵام ئەگەر هەڵگەڕاوە بەسەر دەم و چاوی خۆیدا و سەبر و ئارامی نەگرت ئەوا موسیبەتەکە دەبێت بە چەند موسیبەتێك ، وە ئەو هەستی پێناکات لە کاتێکدا بەڵاکە زیاد دەکات و زۆر دەبێت بەڵام دوای دەزانێت کە بەڵاکە بووە بە چەند بەڵایەك وەکو چۆن ئارامگر ( الصابر ) دەزانێت کە بەڵاکە بووە بە چەند نیعمەتێك ، وە نێوانی ئەم دوو پلەیە بریتیە لە ( ساتێك ئارامگرتن ) و هاندانی دڵ لەو ماوەیەدا بۆ ئارامگرتن .

**دەیەم :** دەبێت بزانیت کە خوای گەورە بەندەکانی پەروەردە دەکات لەسەر خۆشی و ناخۆشی ، و ناز و نیعمەت و بەڵاو موسیبەت ، پاشان بەندایەتی لێوە دەردەکات لە هەموو بارودۆخەکانی ژیانیدا ، چونکە بەندەی ڕاستەقینەی خوا ئەو کەسەیە کە بەندایەتی خۆی بۆ خوا دەرخات لە هەموو بارودۆخەکانی ژیانیدا ، لە خۆشی و ئارامی هەروەها لە ناخۆشی و بەڵاشدا ، بەڵام بەندەی کاتی خۆشحاڵی و شادمانی ئەو بەندەیەیە کە

لەیەك سەر و لای ئەو كارە . واتە لەسەر كەناری شتەكانە نەك ناوەڕاستیان . و لەبەر ناز و نیعمەتەكانی بەندایەتی بۆ خوا دەكات ، ئەگەر تووشی خێر بوو ئەوا دڵنیا دەبێت وە ئەگەریش تووشی بەڵاو ناخۆشی بوو ئەوا بەسەر ڕوومەتی خۆیدا دەكەوێت ، ئەوانە لەو بەندانە نین كە خوا هەڵی بژاردوون بۆ بەندایەتی كردنی خۆی ، بێ گومان ئەو ئیمانەی كە موسوڵمان جێگیر بكات لەكاتی تاقیكردنەوەی خوای گەورە بە بەڵاو موسیبەت و ناخۆشی و هەروەها بە نازو نیعمەتیش ، ئەوە بریتیە لە ئیمانی بەسوود لەكاتی پێویستدا ، بەڵام ئەو ئیمانەی كە تەنها لەكاتی خۆشحاڵی نازو نیعمەتدا هەیە هاوەڵی خاوەنەكەی نابێت و نایگەیەنێت بە پلەی ئیمانداران ، بەڵكو ئەو ئیمانە دەیگەیەنێت بە پلەی ئیمانداران كە خاوەنەكەی جێگیری بكات لەكاتی بەڵاو ناخۆشی وە لەخۆشیشدا .

بەمەش ئەوە ئاشكرا دەبێت كە تاقیكردنەوە كورەیە بۆ پاڵاوتەكردنی بەندە و سەنگی مەحەكی باوەڕەكەیەتی ، بەوەش دەردەكەوێت كە تەنها پارچە مسێكی تێكەڵاوە یان تەنها خڵتەیە یان زێڕێكی تێكەڵ بە مسە ، بۆیە بەردەوام تاقیكردنەوەی لەسەر دەبێت تاكو مادە مسیەكەی جیادەكاتەوە لە زێڕەكەی و زێڕێكی تەمام عەیار دەمێنێتەوە ، جا ئەگەر بەندە بزانێت كە نیعمەتی خوا لە تاقیكردنەوەیدایە نەك لە سەلامەتی و نەبوونی تاقیكردنەوە ، ئەو كات دڵی بە شوكرانە بژێریەوەی سەرقاڵ دەكرد ، و بەزمانیش دەیووت : ئەی پەروەردگار هاوكاریم بكە لە یادكردن و شوكرانە بژێریت ، و چاكی بەندایەتی ، جا چۆن شوكرانە بژێری ئەو خوایە ناكات كە وای بەسەردا هێناوە بۆ ئەوەی مس و خڵتەكانی لێبكاتەوە و پارچە زێڕێكی تەمام عەیاری لێدەربچێت ، بۆ ئەوەی بشێت كە هاوسێتی بكرێت وجێگەی سەرسوڕمانی بینەرانی بێت لەماڵەكەیدا .

بۆیە ئەم هۆكارانە و هاوشێوەكانیان ئارامی دێننە كایەوە لەكاتی تاقیكردنەوەدا ، وە تاكو پتەوتر بێت بەرووبوومەكەی زیاتر ڕازی بوون و شوكرانە بژێری دێنێتەكایەوە ... داواكارین لە پەروەردگار كە بە عافیەتی خۆی سترمان بكات ، و ئاشكراشمان نەكات بە تاقیكردنەوە بە منەت و كەرەمی خۆی .

لە كتێبی (( **طریق الهجرتین و باب السعادتین : ابن القیم الجوزیة** )) ەوە وەرگیراوە .

**حیدر عدنان كریم .ك.دەرمانسازی.ز. پزیشكی هەولێر**

## ئیعجازی سوننەتی پیرۆز لەچەند نموونەیەكی سەردەم دا

پێغەمبەری ئازیز ﷺ كاتێك كە داوا دەكات كە سێ یەكی گەدە بە بەتاڵی بمێنێتەوە ئاماژەی داوە بە ڕاستیەكی پزیشكی زۆر نوێ ، كاتێك كە زانای ڕووسی ( ئیڤان پاڤلۆف ) لە سەرەتای سەدەی (٢٠) دۆزییەوە كە گەدە چەندین دەردراوی تایبەتی هەیە كە بۆ هەرس كردنی خواردن دەیڕێژێت ( ئەم زانایە پاداشتی نۆبڵی ) لەسەر دۆزینەوەكانی وەرگرت (١٩٠٤) ئەگەر مرۆڤ گەدەی پڕ بكات لەخواردن و خواردنەوە ئەوە ئەو دەردراوانە ئەنزیمانەی گەدە شوێنیان بۆ نامێنێ تاوەكو لەگەڵ خواردنەكە تێكەڵ بنو هەرسی بكەن . پێغەمبەر ﷺ ڕێگری و نەهی كردووە لەوەی مرۆڤ دوای خواردن خواردنێكی تر بكات بە سەریدا ، بۆ نموونە كاتێك كەسێك نان دەخوات پاش كەمێكی تر شیرینی دەخوات پاشان میوە دوای كەمێكی تر چەرەسات ، حیكمەت و گەورەیی ئەم فەرموودەیە : گەدە كاتێك خواردنی تێدەچێت هەڵدەستێت بەداخستنی هەردوو سەرەتا و كۆتاییەكەی دەرگای سەرەوەی كە لە سورێنچكەوە بۆی دەچێت دەرگای خوارەوە ، ئەوەی كە لەناوی دایە دەیڕێژێتە ڕیخۆڵەی دوانزە گرێ وە ، پاشان كرداری ڕاوەستاندنی خۆراك ئەنجام ئەدات . كەئەویش پاش ( ٢ . ٤ ) سەعاتی دەوێت بۆ ئەوەی بەباشی خواردنەكە هەرس بكات ئەگەر مرۆڤ زۆرتر خواردن بخوات واتە هەموو نیو سەعات یان سەعاتی جارێك شتێك بخوات بواری ئەم كردارە نادات بەڕێكوپێكی بەڕێوە بچێت تا (٢) سەعات بەلایەنی كەمەوە خۆراكی تر نەخوات ، هەروەها لەكاتی خواردندا چەند خۆراك دەخۆیت ئەوەندەش ئاو بخۆ چونكە دەركەوتووە كە خواردنەوەی ئاو و شلەمەنی لەگەڵ خواردندا دەبێتە هۆی زیادكردنی ڕژاندنی دەردراو و ئەنزیمەكانی گەدەو جگەر و ڕیخۆڵەكانیش .

**هاژە عبدالله . ك . پ . چەمچەماڵ . دەروونناسی**

# کەسیەتی لەنێوان ئاین و ئەقڵدا

کەسیەتی بە واتای شەخسیەت دێت ، کەبریتی یە لە شێوازی مامەڵە کردنی کەسێك لەڕووی ووتەو کردارو بیرکردنەوە ، هەرکەسە و شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە لە مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت کردن ، بە واتاکەی تری هەرکەسەو کەسایەتیەکی تایبەتی خۆیشی هەیە وەك ( کەسایەتی ئیماندار ، کەسایەتی هەڵچوو ، کەسایەتی بێ دەنگ ، کەسایەتی ئازاو بوێر ، زاهید ، تورە ، گرژو مۆن ، پێکەنیناوی ، یان ئاسایی ) .

ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە دەبێتە هۆی بناغەی کەسایەتی هەر کەسێك بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بەدوو بەشەوە :

یەکەم : یاسا ئاینی یەکان :

دووەم : یاسا فکریەکان ( دونیەویەکان ) :

ئاینی پیرۆزی ئسلام بۆ چاکردن و بەیاساکردنی هەموو بوارەکانی ژیان هاتووە بۆ مەبەستی خۆشبەختی مرۆڤ هەم لەدنیا و هەم لەژیانی دوا ڕۆژدا ...

وە بواری کەسایەتیش ئاینی پیرۆزی ئسلام کۆمەڵێك یاسای وردو کاریگەری داناوە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە تەنگژەی غەفلەت و بێ ئاگایی بکاتە مرۆڤێکی بەهێز و کاریگەر و سەرکەوتوو کە یاساکانی لەژێر چەند ڕەوشت جوانی دا کۆ بۆتەوە ، بەها ڕەوشتی یەکان بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بەسێ بەشەوە :

١ . بەها ڕەوشتیە دەرونی یەکان وەك : ( دڵ پاکی ، نیەت پاکی ، گومانی چاك بردن بەکەسانی تر ، حەسودی نەبردن یەکتری ، بەخیل نەبون ، هیوای خێر ، حەزکردن بەقازانجی خەڵکی و حەزنەکردن بەزەرەریان ، دڵسۆزی ، بوێری ، لووت بەرز نەبوون ، وازهێنان لەکیبر ) .

٢ . بەها ڕەوشتیە گوفتاریەکان وەك : ( زمان پاکی ، گوفتار جوانی ، بێ دەنگی لەسنوری خۆیدا ، زۆر قسەنەکردن ، ووتنی حەق و راستی ، نەوتنی درۆ ، غەیبەت و بوهتان نەکردن ، ئامانەتی قسەپارێزی ، باسی خەڵك نەکردن ، دیفاع کردن لەکەسانی بێ تاوان بەزمان ، سوێند نەخواردن بە درۆوە ، ...... ) .

٣ . بەها ڕەوشتیە کرداری یەکان وەك : ( خاکی بوون ، نەرم و نیانی ، دەست پاکی ، مامەڵەی جوان و چاك ، خۆ بەزل نەزانی ، دەم بەخەندەیی ، ئازایەتی ، ئارام گرتن لەسەر ناڕەحەتیەکان ، تورە نەبوون ، مام ناوەندێتی ، لەسەر خۆیی ، ... ) .

ئەم هەنگاوانە ببنە ڕێبازی مرۆڤەکانی تر و لەکەسایەتیاندا ڕەنگ بداتەوە .

ئەگەر سەرنج بدەین پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : (( بەرزترین شوێنی بەهەشت بۆ ئەو کەسانەیە کەڕەوشتیان جوانە )) ، ئەم فەرمودەیە بۆ هاندانی موسڵمانان و ئیماندارانە بەتایبەت بۆ ئەوەی کەسایەتیان بڕازێتەوە بەڕەوشت بەرزی چونکە چاك بوونی خەڵکی لەچاك بوونی هەڵسوکەوتیان و گوفتار و کرداریانەوە وە ئەمانەش کەسایەتی ئەو مرۆڤە یا ئەو کەسە دیاری دەکات ، ئەگەر تاکەکان ڕەوشت نزم بوون ئەوا درۆ کردن و زیناو بەد ڕەوشتی بەسەر کۆمەڵگادا باڵ دەکێشێت وە لەئەنجامدا کەسایەتی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کەسایەتی یەکی درۆزن یان زیناکەر یا بەدڕەوشتیان لێ دەردەچێت وەك بێغەمبەری خودا ﷺ باس لەخاڵێك لە خاڵەکانی ڕەوشت جوانی دەکات و دەفەرموێت : (( ئاگادار بن لەگومان چونکە گومان درۆترین قسەیە )) ، یا دەفەرموێت : (( واز لەشتێك بێنن کە گومانی تێدایە بۆ شتێك کە گومانی تێدانیە چونکە درۆ گومانە ڕاستگۆیی دڵنیایی یە )) .

لەکۆتایی دا هیوادارم کە بتوانین کەسایەتی خۆمان بڕازێنینەوە بە بەها ڕەوشتیە بەرزەکان و هەریەکەمان لەکوێدا یا لەکام لەو خاڵانەی کە باسمانکرد لاوازبوین با بەهێزی بکەین لەکەسایەتی خۆماندا و لە خوابترسین تا خوای گەورە سەرفرازی دنیا و دواڕۆژمان بکات وە چاو لە کەسانی ڕەوشت بەرز بکەین نەك خەڵکانی ڕەوشت نزم کەوایە گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کە (( کەسی لە خوا ترس ڕەوشت بەرزە بەڵام بەناو ڕەوشت بەرز مەرج نیە لە خوا ترس بێ )) .

کەیوان حسن.ك.تکنیکی سلێمانی.ئەندازیاری گەیاندن

## شێوە و جلوبەرگی موسڵمان

### بەپێی ئاینەکەیەتی ، نەك بەپێی مۆدە و سەردەم !!!

بزانە برای ئازیز خوای گەورە هیدایەتت بدات بۆ کردنی هەموو کارێکی خێر و چاکە کە دەبێت دینداریێتی موسڵمان بەشێوەیەك بێت کە لە کار و ڕەوشت و جلووبەگ و هەڵسووکەوتیدا بدرەوشێتەوە ، دوا کارم لە خوای گەورە منیش وئێوەش هیدایەت بدات بۆ سەر ڕاستە ڕێگای ئیسلام ( صراط المستقیم ) وە بە بەهەشتی بەرین شادمان بکات و پەنامان بدات لە دۆزەخ و ئەوەی بەرەو دۆزەخ ڕامان دەکێشێت .

**باسی یەکەم :** یەکێك لەو شێوە و شێوازانەی کە پێویستە لە سەر پیاوی موسڵمان ئەنجامی بدات هێشتنەوەی ڕیشێتی لەگەڵ کەمکردنەوە و لێبڕینی شواربی ، چونکە ئەو دووە لەوکارانەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردوون ، کەواتە واجبە ، وە نەکردنی تاوانە و تاوانێکی گەورەیە خوای پەروەردگار پەنامان بدات ، وە ئەنجامدانی ئەم واجبە لە بنەوادا پێچەوانەکردنی موشریك و بێ باوەڕانە ، وە ئەنجامدانی ئەم واجە لە ناو ئێمەدا زۆر نامۆیە و زۆر کەمە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە داخەوە هەندێك کەس تەنانەت بە سوونەتیشی نازانن . خوا پەنامان بدات . بۆیە دەبینین دەڵێت : ڕیش حەقی بە دینەوە نییە !!!! بۆیە لە وەڵامی ئەو جۆرەکەسانەدا دەووترێت : ئەی ئەم فەرموودانەی پێغەمەری خوا ﷺ چی لێ ئەکەن ؟! کە ( ابن عمر ) لێوەی دەگێڕێتەوە کە ﷺ فەرموویەتی : (( أحفوا الشوارب وأعفوا اللحى )) ( رواه البخاري ) ، واتە : شوارب کورت بکەنەوە و ڕیشتان بهێڵنەوە . ووشەی ( أحفوا ، أعفوا ) هەردووکی فعلی ئەمرن ، کەواتە کورت کردنەوەی شوارب و هێڵشتنەوەی ڕیش هەردووکی واجبن نەك پەیوەندیانیان بە ئاینەوە نەبێت هەروەکو هەندێك کەس دەیڵێن !!!

وە بێگومان لابردنی ڕیش و شوارب هەردووکی بە یەکەوە بە مووس ( گوێزان ) دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەر لەعنەتی خوا بکەوێن خوا پەنامان بدات ، چونکە ئەو کاتە خۆمان دەشوبهێنن بە ئافرەتان !!!!

هەروەکو لە فەرموودەی ( ابن عباس ) دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( لعن رسول الله ﷺ المتشبهين من الرجال بالنساء ، والمتشبهات من النساء بالرجال )) ( رواه البخاري ) ، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی لەو پیاوانە کردووە کە خۆیان دەشوبهێنن بە ئافرەتان ، وە نەفرەتی لەو ئافرەتانە کردووە کەخۆیان دەشوبهێنن بەپیاوان .

**باسی دووەم :** پیاوی موسڵمان دەبێت شەڕواڵەکەی یان هەر جلووبەرگێك کە لەبەری دەکات کورت بێت لە قولەپێی نەچێتە خوارەوە : چونکە شەڕوال یان هەر جلووبەرگێك لە قولەپێ بچێتە خوارەوە دەبێتە هۆی چونە جەهەنەم ، مەگەر خوا خۆی ڕەحم بەو کەسەکە بکات و ڕزگاری بکات لە جەهەنەم ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( ما أسفل من الكعبين من الإزار ففي النار )) ( رواه البخاري ) ، واتە : ئەو کەسەی جلووبەرگەکەی لە قولەپێ بچێتە خوارەوە ئەوە لە ئاگردایە .

هەندێك دەڵێن ئەوە بۆ تەکەبوور وایە بۆ جگە لە تەکەبوور وانیە ، لە وڵامدا دەووترێت : ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی پیغەمبەری خوا ﷺ تەکەبووریان هەبووە ؟! و لەبەر ئەوە جلووبەرگەکانیان کورتکردووەتەوە ؟ بێگومان وەڵامەکە : نەخێرە .

ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ بە یەکێ لە صحابیەکانی دەفەرموێ ئەگەر بە ڕاستی بەندەی خوای جلووبەرگەکەت بەرز بکەرەوە ، هەروەکو ( ابن عمر ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە : (( دخلت على النبي ﷺ وعليَّ إزار يتقعقع ، فقال : من هذا ؟ قلت : عبدالله بن عمر ، قال : إن كنت عبدا لله فارفع إزارك فرفعت إزاري إلى نصف الساقين ، فلم تزل أزرته حتى مات )) ( حديث صحيح ، رواه أحمد في مسنده ) .

بەڵام ئەگەر کەسێك بۆ تەکەبوور جلووبەرگ درێژ بکات ئەوا تاوانەکە گەورەترە خوا پەنامان بدات ، هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( من جر إزاره من الخيلاء ، لم ينظر الله إليه يوم القيامة )) ( حديث صحيح ) ، واتە : هەر کەسێك بۆ تەکەبوور جلوبەرگی درێژبکات خوای گەورە لە ڕۆژی دوایدا سەیری ناکات .

جا برای ئازیزم ئاگات لەخۆت بێت و بیر لەو ڕۆژە بکەرەوە کە کەس ناتوانێت فریات بکەوێت و ڕزگارت بکات تەنها ڕەحمی خوا نەبێت ، دوا کارم لە خوای گەورە ڕەحممان پێبکات و لە گوناهەکان ببورێ و ئاخیرخێرمان بکات ، لەگەڵ پێغەمبەران و پیاو چاکاندا حەشرمان بکات ، و بە بەهەشتی بەرین شادمان بکات ، وە پەنامان بدات لە دۆزەخ .

**حسین عمر . کۆمبیوتەری خانقین**

# مانای حەقیقەتی

## ( لا إله إلا الله محمد رسول الله )

تێبینیم کردووە کە زۆرێك لەو خەڵکەی بونەتە موسڵمان لە مانای یەکەمین بچینەی ئسلام تێناگەن !! کەواتە وائەزانم گرنگە هەندێ لە ماناکانی ئەم بنچینە گەورە و گرنگە شی بکەینە وە تۆزیك بە درێژی :

( لا إله إلا الله محمد رسول الله ) : واتە هیچ کەس شایستەی پەرەستنی نیە بە ڕاست ( بحق ) لە ئەرز و ئاسمانەکاندا جگە لە خوای گەورە نەبێت . وە محمد ( درودی خوای لێبیت ) نێردراوی خوایە . و سێ بنچینەی هەیە :

أ . ئەوەیە کە تو پەیمانێکی ڕاستگۆیانە بدەی بە ( الله ) دروستکاری ئەرز و ئاسمانەکان و بەڕێوەبەری هەموو بونەوەر بە چوار مەرج :

١ . لە دڵەوە ئیعتراف بکەی کە دروستکاری هەموو شتێ ( الله ) یە . ئەوەش ئەوەیە کە تۆ بڵێی شایەتی دەدەم کە دروستکاری هەموو کەون بە ئەستیرە و هەسارە و خۆر و مانگ و ئاسمانەکان و ئەرز لە گەڵ هەموو شێوە زانرا و و نەزانراوەکانی ئەم ژیانە (الله) یە . هەر ئەویش ریکخەر و پلاندانەریەتی . هەر ئەویشە (الله) کە ژیان و مردن دەبەخشێ و هەر ئەویش پارێزەر و بەخشەری ئارامی ئەم ژیانەیە . ئەوە پێی دەووترێ ئیعتراف کردن بە تەنها خوایەتی خوای کەورە ( التوحيد الربوبية ) .

٢ . لە دڵەوە ئیعتراف دەکەم وشایەتی دەدەم کە هیچ کەس مافی پەرەستنی نیە بە حەق لە ئەرز و ئاسمانەکاندا جگە لە (الله) . وشەی " پەرەستن " ( عبادة ) مانای زور هەڵدەگرێ لە زاراوەی ئیسلام ، ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو جۆرەکانی پەرەستن تەنها بۆ خوا بێت نە بۆ کەسی تر ئەگەرچی فریشتە بێت یان پێغەمبەر ﷺ یان کەسی پیرۆز یان پەیکەر و خۆر و مانگ یان هەر خواوەندێکی درۆیینە . کەواتە نوێژ بۆ کەس مەکە بەس بۆ خوا نەبێت لە کەس مەپاڕێوە تەنها لە خوا نەبێت ، داوای یارمەتی لەکەس مەکە تەنها لەخوا نەبێت ، بەس بە خوا سوێندبخۆ ، قوربانی کردنت بەس بۆ خوا بێت ... واتە ئەوەی کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرمانیانکردووە بەکردنی دەبێ بیکەی و ئەوەشی فەرمانیانداوە بە نەکردنی دەبێ لێی دورکەویتەوە . ئەمە پێی دوترێ شایەتی دانت بەتەنها خوایەتی خوای گەورە ( التوحيد الألوهية ) .

# THE REAL MEANING OF

## ( لا إله إلا الله محمد رسول الله )

I have noticed that most of mankind, who embrace Islam, do not understand the reality of the meaning of the first fundamental principle of Islam. So I consider it essential to explain something of meanings of this great principle in some detail :

**(** لا إله إلا الله محمد رسول الله **)** : "None has the right to be worshiped but Allah, and Muhammad peace upon him is the messenger of Allah" has three aspects: (a), (b) and (c).

**(A)** It is that you have to pledge a covenant with (Allah), the Creator of the heavens and earth and the Ruler of all that exists, on four pints(or conditions):

**1 ــــ** A confession with your heart that the Creator of all universe including the stars, the planets, the sun, the moon, the heavens, the earth with all its known and unknown forms of life, is Allah. He is the Organizer and Planner of all its affairs. It is He Who gives life and death, and this is called your confession for the Oneness of the Lordship of Allah **(** التوحيد الربوبية **)** .

**2 ــــ** A confession with your heart that: "I testify that none has the right to be worshipped but Allah alone". The word "worship" (i.e. عبـــادة) carries a great number of meanings in the Islamic terminology: it convoys that all kinds of worship are meant for Allah alone {and non else, whether it be an angel, messenger, saint, idol, the sun, the moon and other kinds of false deities}. So pray to none but Allah, invoke none but Allah, ask for help from none but Allah, swear by none but Allah, offer an animal as sacrifice to none but Allah…and that means, all that Allah and his messenger Muhammad peace be upon him order you to do, {in the Quran and in the Sunnah (legal ways of the prophet peace be upon him) you must do, and all that He and his prophet peace be upon him forbid you, you mustn't do. And this is called your confession for the Oneness of the worship of Allah ( التوحيد الألوهية ) .

**ڕێبوار عبدالله . ك . خانەقین. بەشی ئینگلیزی**